# کابینەی نۆیەم

# کابینەی چاکسازی و خزمەتگوزاری

(کابینـەی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان. چاکسـازی و خزمەتگـوزاری ٢٠١٩/٧/١٠- ٢٠٢١/٥/١)، لەلایـەن نووسـینگەی ڕاگەیاندنی سـەرۆکی حکومـەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکراوەو لەم ڕۆژانـەدا کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

ئـەم کتێبـە بـاس لـە کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکات کـە هـەر لـە سـەرەتای دەسـت بەکاربوونییـەوەو بـە پشتبەسـتن بـە کارنامـە چاکسـازییەکەی، هەوڵـی داوە بـە شـێوەیەکی شایسـتە خزمەتـی گشت هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکات و بـە جیـددی ڕووبـەڕووی گەندەڵـی ببێتـەوە.

کتێبەکـە ئامـاژە بـەوە دەکات کـە هـەر دوای دەسـت بەکاربوونـی کابینـەی نۆیـەم، دەسـتکرا بـە جێبەجـێ کردنـی چەندیـن پـرۆژەی خزمەتگـوزاری و هەنـگاوی گـەورە و خێـرا نـران، سـەرەڕای سـەرهەڵدانی قەیرانـی دارایـی لـە جیهـان کە هەرێمـی کوردستانیشـی گرتـەوە، کەچـی کابینـەی نۆیـەم و ئیـرادەی بەهێـزی سـەرۆك وەزیـران مەسـرور بارزانـی بـۆ ئەنجامدانـی چاکسـازی و ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی و کارکردنـی بـۆ پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری، وای کـرد پـرۆژەکان نەوەسـتن و پرۆسـەی چاکسـازیی کارگێـڕی و ئابـووری و دارایـی بـەردەوام بێـت.

ئـەم کتێبـە چەنـد زانیارییەکـی ژمارەیـین لەسـەر داهات و خەرجییەکانـی کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و ئـەو پـرۆژە چاکسـازییانەی لـە سـەرەتای دەست بەکاربوونییەوە لە ١٠ی تەمموزی ٢٠١٩ وە تا ١ی ئایـاری ٢٠٢١ ئەنجامـی داون.

لـە کتێبەکـەدا داهات و خەرجیی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ئامـاژەی پێکـراوە، دواتـر لـە بەشـێکی دیکـەدا چاکسـازییەکانی کابینـەی نـۆو بەشـێك لـە خزمەتگوزارییـەکان خراوەتـە ڕوو، نـاوی یەکـە یەکـە وەزارەتـەکان دەربـارەی ئـەو هەنـگاوە گرنگانـەی گرتوویانییەتـە بـەر تایبـەت بـە ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵییەکان و پرۆژەو پلانەکانیان و و خزمەتگوزارییەکان بـە زنجیـرە هاتـوون.

ڕاپـۆرت و بەدواداچوونـی لیژنـەی بـاڵای جێبەجـێ کردنـی یاسـای چاکسـازی و هێڵـە گشـتییەکانی بەرنامـەی کاری کابینـەی نۆیـەم و دواجـار چاکسـازی لـە گوتارەکانـی سـەرۆکی حکومەتـدا بەشـێکی دیکـەی ئـەم کتێبەیـە. بـەم بۆنـەوە بەنـاوی گۆڤـاری (گـوڵان) دەستخۆشـی لـە نووسـینگەی ڕاگەیاندنـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن .

بـە هیـوای بەرەوپێشـچوونی پرۆسـەی چاکسـازی و پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـی زیاتـر بـە هاووڵاتیـان.


کابینەی نۆیەمی
حکومەتی هەرێمی کوردستان
چاکسازی و خزمەتگوزاری
2021.5.1 - 2019.7.10

# سیاسەت و عەقڵانییەتی پەرلەمانی: کەی و بۆچی سیاسەتمەداران گوتاری پەرلەمانی هەڵچوونئامێز دەگرنەبەر؟

(I)

## لایەنگرییە مەعریفییەکان و هێزی مشتومڕە سیاسییەکان

هەر لە ڕۆژگاری یۆنانییەکانەوە، سیاسەت بە مانای دەسەڵات و حوکمڕانی هاتووە، سیاسەتمەداریش ئەو کەسەیە کە وەك «دەوڵەتمەدار» مومارەسەی سیاسەت دەکات، ئەم سیاسەتەش لە چوارچێوەی «پۆلس polis» مومارەسە دەکرێت، واتە لە نێو «دەوڵەتی شاردا» کە تێیدا مومارەسەی سیاسەتێکی دیموکراتی، یان تیوکراتی، یان ئۆلیگارشی دەکرێت.


ئەم پرۆسە سیاسییە پێکدێت لە «تێکەڵێك لە توخمەکان»، کە تێیدا دەوڵەت نوێنەرایەتیی گرووپێك، یان چینێك، یان توێژێك ناکات، بەڵکو پێویستە نوێنەرایەتیی «هەمووان» بکات. و «ئەرستۆ» (کە لەساڵی ٣٢٢ی پێش زایین کۆچی دوایی کردووە)، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سیاسەت بریتییە لە چالاکییەکی مرۆیی کە ئامانج لێی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتیی هاوبەشە.

کەواتە، ئامانج لە مومارەسەکردنی سیاسەت بریتییە لە بەدیهێنانی خێری گشتی لە ڕێی بەدیهێنانی «دەوڵەتی باش»ـەوە. لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە دەوڵەت، دەوڵەتێکی باش بێت، بۆ ئەوەی لە ڕێی بەهێزکردنی فەزیلەتەوە خێری گشتی بەدی بهێنێت.

**ئامانج لە مومارەسەکردنی سیاسەت بریتییە لە بەدیهێنانی خێری گشتی لە ڕێی بەدیهێنانی «دەوڵەتی باش»ـەوە**

ئەم ئامانجانەش لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی باشدا بەدی دێن، کە «نەك هەر تەنیا برەو بە متمانەی نێوان تاکە کەسەکان دەدات، بۆ ئەوەی متمانەیان بە حکومەت بەهێز بێت، بەڵکو دەبێتە هۆی هێنانەئارای کۆمەڵگەیەکی باشتر کە هەندێ لە ڕەفتارەکان پەسەند دەکرێت لە بەرامبەر ڕەفتارەکانی دیکەدا، لە بری ئەوەی بوار بدرێت، هەر مرۆڤێك بۆ خۆی حوکم لەسەر ئەوە بدات کە چ شتێك ڕەفتارێکی باش پێکدەهێنێت». ئەم کۆمەڵگە باشە کە خێری گشتی بەدی دەهێنێت، تەنیا بەند نییە بە پرسی بەدیهێنانی متمانەوە، بەڵکو هەوڵی برەودان بە بەها بنەڕەتییەکانی دیکەش دەدات، وەك «ڕێزگرتن لە ژینگە، هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی پێویستیان بە یارمەتییە، ئەنجامدانی هاوسەرگیری، منداڵخستنەوە، و ڕێزگرتنی تایبەت لە منداڵان و بەساڵاچووان.» گفتوگۆکانیش لەبارەی ئەم بەهایانەوە سەرناکێشن بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی، بەڵکو نەبوونی کۆمەڵێك بەهای هاوبەش دەبنە هۆی بەرپابوونی شەڕ و ناکۆکییەکان، ئەویش لەبەر ئەوەی لایەنەکانی ناتوانن ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن، بەهۆی نەبوونی بەها هاوبەشەکانەوە.

ئەم دووانە هەردووکیان زادەی سیاسەتن، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی جەوهەری و بنەڕەتی هەیە لە



**پ.د. شێرزاد نەجار**

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

نێوانیاندا کە پەیوەستە بە پرسی ئەخلاقەوە. یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی باش بریتییە لە بوونی ئەخلاق کە داوا لە تاکەکەس، یان تاکەکەسەکان دەکات، کە بە شێوەی کۆمەڵ ڕەفتار بکەن. ئەم ئەخلاقەش پێویستی بە پاڵپشتیی بەردەوامە، ئەگەرنا خودی ئەم ئەخلاقە و بەو پێیە ویژدانی مرۆییش دووچاری داڕووخان دەبن. مرۆڤ و هەروەها (سیاسەتمەدار)یش پێویستی بە بەدەستهێنانی پاڵپشتی کەسانی دیکە هەیە و، پێویستە ئەم پرۆسەیەش بەردەوام بێت و پارێزگاری لێ بکرێت. دووپاتکردنەوەی بەردەوامیش لە هەناوی خۆیدا بەها ئەخلاقییەکانی هەڵگرتووە، ئەمە سەرباری بەهاکانی دیکە.

لێرەدا پێویستییەکی گەورە بە ئەنجامدانی گفتوگۆی ئەخلاقی سەرهەڵدەدات، ئەم گفتوگۆیانەش بنەڕەتین و بەهاکان لە خۆدەگرن و تەنیا بریتی نین لە پرۆسەی گرتنەبەری ڕێکارەکان. هەروەها بەرنامەبۆداڕێژراویش نین، بەڵکو ئەو گفتوگۆیانەن کە پانتاییەکی بەرفراوان لەو پرسانە دەگرنەوە کە ڕێك نەخراون.

بەو پێیە ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە (وەك جێبەجێکردنی سیاسەت و چەمکە ئەخلاقییەکەی) لەگەڵ بیرۆکەی خێری گشتیدا یەك نەگرێتەوە، ئەوا دوچاری تەنگژەیەکی دژوار دەبێتەوە، بە چەشنێك لە پرۆسەیەکەوە کە ئامانج لێی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتییە، دەگۆڕێت بۆ پرۆسەیەك کە ئامانجی لێی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی تایبەت دەبێت، دواتریش سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە مەترسیدارەکان، بەو پێیە ڕۆڵێکی مەترسیداریش دەبینێت لە پرۆسە سیاسییەکەدا و لە چوارچێوەی دیاریکردنی ئاراستە سیاسییەکانی تاکەکەس و حزبە سیاسییەکان. ئەم دابەشبوونانەش بریتین لە درزتێکەوتنی کۆمەڵایەتی Social Cleav-age لە پەیکەربەندی سیاسەت و لە پەیکەربەندی سیستمی حزبیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئاوێتەبوونی ئەخلاق لە جیهانی سیاسەتدا بە مانای ئەوە دێت کە پرۆسە سیاسییەکە پتر لەگەڵ ئازادیی هەڵبژاردندا دەگونجێت، وەك ئەوەی لەگەڵ ملکەچکردن بۆ هێز و ملهوڕیی دەوڵەتدا بگونجێت. پەیوەستبوونی ئەخلاق بە سیاسەتەوە بە مانای دەرکەوتن دەنگی کۆمەڵگە و ڕەخساندنی بوارێکی بەرفراوانی هەڵبژاردن بۆ تاکەکەسەکان دێت. هیچ کاتێك ئەم دۆخە نایەتە ئاراوە لە حاڵەتی سەپاندنی دەسەڵات و هێزی ناچارکردنی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگە و تاکەکەسدا. لەم حاڵەتەی دواییدا دەوڵەت وا دەردەکەوێت کە بێئاگا بێت لەوەی بارودۆخە

**یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی باش بریتییە لە بوونی ئەخلاق کە داوا لە تاکەکەس، یان تاکەکەسەکان دەکات، کە بە شێوەی کۆمەڵ ڕەفتار بکەن**

بە کویێ گەیشتووە لە کۆمەڵگەدا و هەوڵ دەدات ئەوانی دیکە ناچار بکات گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ بکەن. ئەم دۆخەش دووپاتکردنەوەیە بۆ گرنگیی (هونەری سیاسەت) کە بریتییە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە، بەڵام لە هەمان کاتدا بریتییە لە هونەری بەدیهێنان، یان بەرهەڵستیکردنی خواست و ئاراستەکانی دەسەڵاتە گشتییەکە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت کە بە شێوەیەکی گشتی ناچێتە ژێر باری لۆژیك و توندی دادگاییکردنە عەقڵانییەکانەوە، کە داهێنانی شەخسی ڕۆڵی گرنگی تێدا دەگێڕێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم سرووشت و تایبەتمەندییە، ئەوا هونەری سیاسەت ڕەچاوی ئەو دەرئەنجامە دەکات کە لە ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکان و لە بیرۆکە و داخوازییەکانەوە دێنەئاراوە. بە پێچەوانەوە، ئەگەر هونەری سیاسەت ئەم پێداویستییانە لەبەرچاو نەگرێت، ئەوا ماوەی نێوان کاری و سیاسی و هێزە بزوێنەرەکانی گەورەتر و قووڵتر دەکاتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ناهاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. هەروەك زانای کۆمەڵناسی فەڕەنسی (کاستون بوتول) دەڵێت: «هونەری سیاسەت هاوشێوەی یاریی شەترەنجە کە جووڵەی بەردەوام لە خۆدەگرێت، کە هەر لایەك هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر بەرامبەرەکەیدا دەدات». هونەری حوکمڕانی پەیوەستە بە کاروبار و پرسە گشتییەکان و سازدانی هاووڵاتیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان، ئەمەش ئەو تایبەتمەندییەیە کە سیاسەتمەدار لە ئاستە جیاوازەکانی کار و چالاکییەکانیدا پێویستی پێیەتی.

هەروەها هەمیشە ململانێی نێو گفتوگۆی سیاسی بەس نییە بۆ نەهێشتنی کاریگەرییەکانی گوتاری سیاسی لەسەر ڕای گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە تەنیا بە کۆمەڵێك فاکتەری کەم ئاشناین کە هێزی مشتومڕە سیاسییەکانی قەناعەتپێکردن پێکدەهێنن. لێرەدا باس لەوە دەکەین، ئایا لایەنگرییە مەعریفییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر هێزی وێناکراوی مشتومڕە سیاسییەکان، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ لە مشتومڕەکان زیاتر مایەی قەناعەتپێهێنان بن، بە بەراورد بەوانی دیکە، هەر ئەمەشە کە توێژینەوە نوێیەکانی زانستی دەروونناسیی سیاسی دووپاتی دەکەنەوە لە بارەی کاریگەری سۆز لە گۆڕەپانی سیاسیدا، کە دەبێتە هۆی ئەوەی پێشبینی ئەوە بکرێت، تاکەکەسەکانیش بەم شێوەیە بن، ئەگەری زۆر هەیە بتوانرێت بە هۆی ئەو مشتومڕە سیاسییانەوە قەناعەتیان پێ بکرێت کە سڵکردنەوە لە دۆڕان لەخۆ دەگرن لە ڕێی کاردانەوەیەکی مەترسیدارەوە، تەنانەت لەبەرامبەر مشتومڕە پێچەوانەکانیشەوە.

(II)

## پەرلەمان و ڕۆڵی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەڵبژاردنەکان پەرلەمانەکان بەرهەم دەهێنن، بەڵام چ جۆرە پەرلەمانێك؟

هاتنەئارای پەرلەمان لە جیهاندا پەرەسەندنێکی بێ کاردانەوە نەبوو. بە درێژایی ماوەی بوونەکەی سیستمی پەرلەمانی ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە، کە پەرەی سەند لە لۆژیکی کاردانەوە و گێڕانەوەی سیستمەکانی پێشوو لەسەر دەستی ئەو ڕکابەرانەی دوچاری بەزین هاتبوون لە مەیدانی ململانێی لە دژی سیستمی پەرلەمانی. دواتر ئەزموونە کردارییە مەزنەکە پەردەی لەسەر خەوشەکانی حوکمڕانی حزبی هەڵماڵی، کە بە خێرایی دەرکەوتن. لە کۆتاییدا، ڕەخنەگرتن لە سیستمی پەرلەمانی لە لایەنێکی مەبدەئی دیکەوە سەرچاوەی گرت، لە مەیلی چەپی شۆڕشگێڕی. ئیدی بەدوایدا ڕەوتە ڕاسترەو و چەپڕەوەکان، بۆچوونە موحافیزکارەکان، ڕای سەندیکاکان، فەوزەوییەکان، دید و تێڕوانینە پاشایەتی و ئەرستۆکراتی و دیموکراتییەکان، هەوڵەکانیان یەکخست بۆ ئاراستەکردنی ڕەخنەکانیان لە دژی سیستمە پەرلەمانییەکە.

لە نێو دیارترینی ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی سیستمە پەرلەمانییەکە و هەڵەکانی کراون، بریتییە لە هەژمونی حزبە سیاسییەکان و سیاسەتە شەخسییە ناپرۆفیشناڵەکان و حوکمڕانیی ئارەزوومەندەکان و قەیرانە حکوومییە بەردەوامەکان و بێهودەیی گفتوگۆ پەرلەمانییەکان و داڕووخانی پێوەرەکانی ڕێساکانی ڕەفتاری پەرلەمانی و خراپ بەکارهێنانی پارێزبەندی و ئیمتیازاتە پەرلەمانییەکان و ئامادەبوونێکی لاواز لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا. لێرەدا پرۆفیسۆر «کارل شمیت» دەڵێت: «نوێنەرایەتیی ڕێژەیی و سیستمەکانی لیستی حزبایەتی سەردەکێشن بۆ وێرانکردنی پەیوەندیی نێوان دەنگدەر و نوێنەر، چونکە دەبنە هۆی ئەوەی نەتوانرێت بۆ پرۆسەی حوکمڕانی دەست لە دروستکردنی کوتلەکان هەڵبگیرێت لە پەرلەماندا و دەبنە هۆی ئەوەی پرەنسیپی نوێنەرایەتیکردن لە هەموو مانایەك بەتاڵ ببێتەوە».

لێرەدا و لە پێناوی زانینی ئەرکی ئەخلاقیی نوێنەرانی گەل ئاماژە بە ماددەی ٢١ لە دەستووری ڕایخی ئەڵمانی (دەستوری ڤایمار ١٩١٩) دەکەین کە دەڵێت: «ئەندامان نوێنەری تێکڕای گەلن و تەنیا لەبەردەم ویژدانی خۆیاندا بەرپرسیارن و بە

**هونەری سیاسەت ڕەچاوی ئەو دەرئەنجامە دەکات کە لە ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکان و لە بیرۆکە و داخوازییەکانەوە دێنەئاراوە**

**زانای کۆمەڵناسی فەڕەنسی (کاستون بوتول) دەڵێت: «هونەری سیاسەت هاوشێوەی یاری شەترەنجە کە جووڵەی بەردەوام لە خۆدەگرێت، کە هەر لایەک هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر بەرامبەرەکەیدا دەدات**

**هونەری حوکمڕانی پەیوەستە بە کاروبار و پرسە گشتییەکان و سازدانی هاووڵاتیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان**

هیچ فەرمانێکەوە پابەند نین». لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٩)ی دەستووری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥دا هاتووە: «ئەنجومەنی نوێنەران پێکدێت لە ژمارەیەك لە ئەندامان بە ڕێژەی یەك کورسی بۆ هەر ١٠٠ هەزار کەسێك لە دانیشتووانی عێراق کە نوێنەرایەتیی تێکڕای گەل دەکەن و، بە شێوەی دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن، ڕەچاویی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی تێدا دەکرێت». لێرەدا جیاوازی نێوان ئەم دوو دەقە روونە، کە دەستووری عێراق دووپاتکردنەوە لەخۆ ناگرێت لەسەر ئەرکی ئەخلاقی نوێنەرەکان بەو شێوەیەی کە ویژدانیان بەسەریاندا دەیسەپێنێت.

لە ڕاستیدا، بڕیارە گرنگەکانی نێو پەرلەمان لە دانیشتنە ئاشکراکاندا یەکلا ناکرێنەوە، بەڵکو لە کۆبوونەوەکاندا «گەڵاڵە دەکرێن»، مەرجیش نییە ئەم کۆبوونەوانە لە نێو لێژنە پەرلەمانییەکاندا ئەنجام بدرێن، بەڵکو- بە زۆری بە شێوەی نهێنی- بە ئامادەبوونی سەرۆکی کوتلەکان و ئەگەر پێویستی کرد، بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەو حزبە سیاسییانەی نوێنەریان لە پەرلەماندا هەیە، ئەنجام دەدرێن. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هاووڵاتیان هیچ ڕۆڵێکیان نییە لەم پرسانەدا. بەڵام لە سیستەمی دیموکراتیدا، هاووڵاتی ڕۆڵی گرنگ و جەوهەریی هەیە لە پەسەندکردنی بڕیارەکاندا، ئەمەش پرەنسیپێکی دیموکراتییە: یەکانگیربوونی یاسا و ئیرادەی گەل. لەم یەکانگیربوونەشدا ناتوانین باسی یەکانگیربوونێکی ڕەها بکەین، لەبەر ئەوەی هەمیشە پانتاییەك هەیە لە نێوان یەکسانیی ڕاستەقینە و دەرئەنجامەکانی یەکانگیربووندا. بەڵام هەمیشە ئیرادەی گەل یەکانگیرە لەگەڵ ئیرادەی گەلدا، بەڵام مەرج نییە، لەگەڵ ئیرادەی حوکمڕانەکان، یان نوێنەرەکانی لە پەرلەمان یەکانگیر بێت. دەبێت ئیرادەی گەل سەرچاوەی هێز و شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی بێت. ئەو سێ شەپۆلە دیموکراتییەی جیهان بەخۆوە بینی، بە گوێرەی دیاریکردنەکەی پرۆفیسۆر «هنتگتن» بوونە هۆی بەربڵاوبوونێکی بەرفراوانی دیموکراسی و بەو پێیە زەمینەیان خۆش کرد بۆ یەکانگیربوون لەگەڵ ئیرادەی گەلدا. یەکانگیربوون لەگەڵ ئیرادەی گەلدا سەردەکێشێت بۆ یەکانگیربوون لە نێوان سیستەمی پەرلەمانی و دیموکراسیدا.

لە ڕاستیدا دیراسەتکردنی سیستەمی پەرلەمانی پێویستی بە توێژینەوەی پایە فیکرییەکانی ئەم سیستەمە هەیە. بەتایبەت ڕادەی نوێنەرایەتیکردنی بۆ ئیرادە و بەرژەوەندییەکانی گەل. لێرەدا پرۆفیسۆر «شمیت» دەپرسێت: «بۆچی لە هەقیقەتدا و لە تێڕوانینی چەندین نەوەدا پەرلەمان وەك ناوونیشانی ئەوپەڕی ژیری Ultimum Sapientae سەیر کراوە و، لەسەر چ بنەمایەك باوەڕهێنان بەم دامەزراوەیە پتر لە سەدەیەکی خایاند، داواکردنی ئەوەی دەبێت پەرلەمان جڵەوی حکومەت بکات و کاریگەربوونی لەسەر هەڵبژاردنی ئەو وەزیرانەی لەبەردەمیدا بەرپرسیارن، ئەم باوەڕە لە خۆدەگرێت؟»

لەم ڕوانگەیەوە سیستەمی پەرلەمانی لە پایە فیکرییەکانیدا سیستەمێکی دیموکراتییە لە بنەڕەتدا، لە جێبەجێکردنیشدا دەبێتە گۆڕەپانێك بۆ گفتوگۆ و کێشمەکێش و دیالۆگی گشتی، هەروەك «ئەسمان» Esmein کە زانایەکی فەرەنسی بواری دەستوورییە دووپاتی دەکاتەوە و دەنووسێت: «لە بنەڕەتدا سیستەمی نوێنەرایەتی سیستەمێکە بەندە بە گفتوگۆی ئازادەوە.» هەروەها بیریاری ئینگلیزی «هارولد لاسکی» لە کتێبەکەیدا (بنەماکانی سەروەری)، لە ساڵی ١٩٢١ دەنووسێت: «بنەمای حوکمڕانی نوێنەرایەتی بریتییە لە حوکمڕانیکردن لە ڕێی گفتوگۆوە». هەروەها ئەم گفتوگۆیەش پەیوەستە بە باوەڕبوون بە ڕای گشتی و پێویستی ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانەوە. پێویستە پەرلەمان ئەرکی یاسادانان بگرێتەئەستۆ، واتە پەرلەمان دەسەڵات، یان دەزگای یاسادانانی دەوڵەتە، ئەم دەسەڵاتی یاسادانانەش لە بنەڕەتدا بەندە بە تیۆری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە بیریاری فەرەنسی «مۆنتسیکۆ» پەرەی پێ دا لە کتێبە گرنگەکەیدا بە ناوی «ڕۆحی یاساکان»، کە ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر جاڕنامەی فەرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی کە شۆڕشگێڕە فەرەنسییەکان لە ئەیلوولی ١٧٨٩دا دەریان کرد، کە لە ماددەی ١٦دا هاتووە: «هەر کۆمەڵگەیەك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێدا نەبێت و زامنی مافەکانی تێدا نەکرابێت، دەستووری نییە»، واتە پەرلەمان بە گوێرەی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کار دەکات، ئەرکەکەشی بریتییە لە یاسادانان کە بەندە بە بیرکردنەوە و ڕامان و عەقڵانییەتەوە. بەم شێوەیە یاسا هەقیقەت و عەقڵ و دادپەروەری لەخۆ دەگرێت.

(III)

## عەقڵانییەتیی پەرلەمانی

بیریاری ڕووسی لە بواری دەستوور (بوریس میرکین غویتزیفیتش) چەمکی «پەرلەمانی عەقڵانی» داهێنا، بۆ دیاریکردنی ئەو دەستوورانەی

**ئەزموونە کردارییە مەزنەکە پەردەی لەسەر خەوشەکانی حوکمڕانی حزبی هەڵماڵی، کە بە خێرایی دەرکەوتن**

**پرۆفیسۆر «کارل شمیت» دەڵێت: «نوێنەرایەتیی ڕێژەیی و سیستەمەکانی لیستی حزبایەتی سەردەکێشن بۆ وێرانکردنی پەیوەندیی نێوان دەنگدەر و نوێنەر**

**ناتوانین باسی یەکانگیربوونێکی ڕەها بکەین، لەبەر ئەوەی هەمیشە پانتاییەك هەیە لە نێوان یەکسانیی ڕاستەقینە و دەرئەنجامەکانی یەکانگیربووندا**

**هەمیشە ئیرادەی گەل یەکانگیرە لەگەڵ ئیرادەی گەلدا، بەڵام مەرج نییە، لەگەڵ ئیرادەی حوکمڕانەکان، یان نوێنەرەکانی لە پەرلەمان یەکانگیر بێت**

**سیستمی پەرلەمانی لە پایە فیکرییەکانیدا سیستمێکی دیموکراتییە لە بنەڕەتدا، لە جێبەجێکردنیشدا دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ گفتوگۆ و کێشمەکێش و دیالۆگی گشتی**

که چوارچێوەی یاسایی بۆ پەیوەندییە سیاسییەکانی سیستمە پەرلەمانییەکە لەخۆ دەگرن. بە زۆری ئەم دەستەواژەیە بەکار دەهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئەو سیستمە پەرلەمانییانەی بە شێوەیەك ڕێکخراون کە بوار نادەن بە دروستبوونی ناسەقامگیریی حکوومیی درێژخایەن و بواریش بە کاری دامەزراوەکان دەدەن. بە شێوەیەکی گشتی ئامانجی میکانیزمە بەکارهاتووەکانیش ئەوەیە کە ڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتیی وەزاری دژوارتر بێت، لە ڕووی سیاسی و دەستوورییەوە (وادە کۆتاییەکان، ڕێکارە تایبەتەکان، زۆرینەی پاڵپشتیکراو، خۆهەڵوەشاندنەوە و.. هتد). لەگەڵ ئەوەشدا، لە قاڵبدانی پەرلەمان بۆی هەیە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی دیکەش لەخۆبگرێت، وەك گێڕانەوەی هاوسەنگی لە نێوان حکومەت و پەرلەمان، یان باشترکردنی دەقەکان.

خەسڵەتی سیستمی پەرلەمانی بریتییە لە لێپرسینەوەی سیاسیی حکومەت لە بەردەم پەرلەماندا، واتە توانای پەرلەمان بۆ ڕووخاندنی حکومەت، کە بە شێوەیەکی پلەبەند و لە کۆتایی سەدەی شانزەیەمەوە لە بەریتانیا دامەزرێنرا. هەمان شێواز لە سەرجەم ئەورووپای سەدەی نۆزدە و بیستدا بڵاو بووەوە و، لە هەندێ وڵاتدا دەرکەوت بە بەردەوامی حکوومەتەکان دەڕووخێندران، بە زۆری لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا.

کاتێك باس لە ناسەقامگیریی حکومەت دەکەین، ئەوا کۆماری چوارەمی فەرەنسا، یان کۆماری ئیتاڵیا تاوەکو چاکسازی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٣، دیارترین نموونەی ئەم بارودۆخە بوون، کە ئەمە حاڵەتێکە مەترسیی ئیفیلیجکردنی حکومەت لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتی لە کاتی تەنگژەکاندا.

پەرلەمانییەتی عەقڵانی دەیەوێت بە دوو ڕێگا ئەم کێشەیە چارەسەر بکات: لەلایەك لە ڕێی دارشتنی دەستوور و بەهێزکردنی حکومەتەوە لە بەرامبەر پەرلەماندا، لەلایەکی دیکەوە، لە ڕێی یاسای هەڵبژاردن و هەوڵدان بۆ پاڵپشتیکردنی زۆرینەی پەرلەمانی دیار و سەقامگیر کە توانای پشتیوانیکردنی سیاسەتی حکومەتی هەبێت.

لە قاڵبدانی سیستمی پەرلەمانی شێوەی جیاوازی لە وڵاتە جیاوازەکاندا وەرگرت، تا ڕاددەیەکیش پتر سەرکەوتوو بوو. بەم شێوەیە، سیستمی پەرلەمانی عەقڵانیی ئەڵمانی لە سەرەتادا خۆی سەلماند، بە تایبەتی بەهۆی دروستکردنی سیستمێکی بنیاتنەری چاودێرییەوە، کە تەنیا لەو حاڵەتەدا بوار بە وەرگرتنەوەی متمانە بە ڕاوێژکار دەدەن، ئەگەر بێتوو زۆرینەیەکی یەکگرتوو و ڕێکخراوی موعارەزە پرۆژەیەکی سیاسی متمانەپێکراو بخەنەڕوو. لە پەیوەندی بە نموونەی کۆماری چوارەمی فەرەنساوە، ئەوە دەرکەوت کە هیچ فێڵێکی دامەزراوەیی ناتوانێت سەقامگیری بسەپێنێت لە وڵاتێکی شڵەژاو لە ڕووی سیاسییەوە. میکانیزمە وێناکراوەکان بەس نەبوون، کە ئەمەش وای لە هەندێ نووسەران کرد بڵێن سیستمەکە بە «مردوویی لەدایك بووە» و لە قاڵبدانی بە تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی بوار بە ڕێکخستنی ژیانی سیاسی بدات لە چوارچێوەی سیستمێکی پەرلەمانیدا.

کۆماری پێنجەم توانی سەقامگیری و کارایی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، لەسەر حیسابی شۆڕشکردن لەبەرامبەر نەریتە دەستوورییە فەرەنسییەکاندا، بە تایبەتی ئەوانەی دوای یاسا دەستوورییەکانی ساڵی ١٨٧٥ دروست بوون. پەرلەمانی لە قاڵبدراوی ساڵی ١٩٥٨، چاکەیەك بوو لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکاری ڕاستەقینەی فەرەنسا لە سەردەمی ژەنەراڵ دیگۆلدا، کە هاوشێوەی ئامرازێکی بەرگریکردن بوو لە دژی پەرلەمان. بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەهێز کرا، لە ڕێی دیاریکردنێکی توندی بواری کارکردنی پەرلەمانەوە. لە کۆتاییدا ئەنجومەنی دەستووری فەرەنسی وەك یەکێك لە ئامرازەکانی لەقاڵبدان دەردەکەوێت لەبەر ئەوەی زامنی بەرگریکردن لە ئامانجی بازنەکانی هەڵبژاردن دەکات.

(IV)

## گوتاری هەڵچوونئامێز

سیاسەتمەداران پرسە سۆزدارییەکان بەکار دەهێنن لە گوتارەکانیان لە پەرلەماندا و بە پشتبەستن بە جۆری گفتوگۆکە و بە شێوەیەکی ستراتیژی و ئینتیقائی گوتاری هەڵچوئامێز دەگرنەبەر، ئەویش لە بنەڕەتدا بۆ ڕاکێشانی دەنگدەرانە بەلای خۆیاندا. ئەمە یەکێکە لە دەرئەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەیەکی گرنگ کە لە گۆڤاری

«American Policy Science Review» – (APSR)

بڵاو بووەتەوە بە بەشداریی تونی ڕودون، لەگەڵ موریس ئاوسنابر و کوسارە ب، هوبولت.

لەم ساڵانەی دواییدا، چەندین توێژینەوە ئەنجام دران و ئەوە دەخەنەڕوو کە هەست و سۆزەکان گرنگن لە بواری سیاسەتدا و بەکارهێنانی گوتاری هەڵچوونئامێز، لەسەر بنەمای زمانێکی ئەرێنی یان

**سیاسەتمەداران پرسە سۆزدارییەکان بەکار دەهێنن لە گوتارەکانیان لە پەرلەماندا و بە پشتبەستن بە جۆری گفتوگۆکە و بە شێوەیەکی ستراتیژی و ئینتیقائی گوتاری هەڵچوئامێز دەگرنەبەر، ئەویش لە بنەڕەتدا بۆ ڕاکێشانی دەنگدەرانە بەلای خۆیاندا**

نەرێنی، حاڵەتێکی بەربڵاوە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا. هەروەها توێژینەوەیەك لە نێو حزبە سیاسییەکاندا ئەنجام درا لە پەیوەندی بە هەڵوێستی وەرگیراو و موعارەزەوە کە لە میانەی گفتوگۆ پەرلەمانییەکاندا گوزارشتیان لێکرا، بەڵام توێژینەوە نەکرا لەبارەی ئەوەی کەی و بۆچی سیاسەتمەدارەکان گوتاری هەڵچوونئامێز بەکار دەهێنن لە میانەی گوتارە تەشریعییەکاندا، کە لە توێژینەوەکەی سەرەوەدا تاوتوێ کرا.

بە زۆری زمانی هەڵچوونئامێز ئاماژەیە بە شێوازێکی پەیوەندیکردن کە کاردانەوەیەکی سۆزدارانە دەوروژێنێت لای گوێگر، بەو پێیە کاردانەوەی ئەرێنی، یان نەرێنی دروست دەکات، بە چەشنێك مانا دیاریکراوەکەی وشەکە، یان دەستەواژە بەکارهاتووەکە تێدەپەڕێنێت. لەبەر ئەوە دەکرێت ئامرازێکی بەهێز بێت بۆ قەناعەتپێهێنانی خەڵکی بە ڕاستی و دروستیی پەیامێکی دیاریکراو، لە ڕوانگەی ململانێی هەڵبژاردنەوە، بەڵگەیەك هەیە کە بانگەشەکانی وروژاندنی هەست و سۆز گرێ دەداتەوە بە سەرکەوتنی پێکهاتەیەکی سیاسیی دیاریکراو لە هەڵبژاردنەکاندا.

توێژینەوەکەی سەرەوە شرۆڤەکاری دەکات، بۆ یەك ملیۆن گوتاری ئەنجومەنی عەوامی بەریتانیا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ و ٢٠١٩، و یەك ملیۆن گوتاری دیکەی پەرلەمانی ئیرلەندای باکوور لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ و ٢٠١٣ .

توێژەران بەریتانیایان هەڵبژارد لەبەر ئەوەی یەکێکە لە کۆنترین پەرلەمانەکانی جیهان و کەشێکی دامەزراوەیی هەرە لەبارە بۆ دیراسەتکردنی ئەم جۆرە گوتارانە، جیاوازییەکانیش پەیوەست بوون بە پاڵنەری یاسادانەرانەوە بۆ جۆری گفتوگۆکە. توێژینەوەکە دووپاتی دەکاتەوە کە لە پاڵنەرەکانی ڕاکێشانی دەنگدەراندا جیاوازییەکی سیستماتیکی هەیە، ئەویش بەندە بە جۆری گفتوگۆکەوە. بەم شێوەیە لە گفتوگۆ ئاست بەرزە تەشریعییەکاندا، پەرلەمانتارەکان پاڵنەری زیاتریان هەیە بۆ گرتنەبەری گوتاری هەڵچونئامێز بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکانێکی زیاتر، کە بە هۆی بەکارهێنانی زیاتری ناوەڕۆکی سیاسی و زمانی هەڵچوونەوە ئەو خەڵکانە بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن. توێژینەوەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ماوەی ئاراستەکردنی پرسیار بۆ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بریتییە لەو گفتوگۆیەی کە هاووڵاتیان گرنگییەکی زیاتری پێ دەدەن بە بەراورد بە گفتوگۆکانی دیکە، ئەمەش پاڵنەر بۆ نوێنەرەکان دروست دەکات، بۆ ئەوەی زمانێك بەکار بهێنن کە پتر هەڵچوون لەخۆ بگرێت. ئەم ماوەیەش بە ڕووداوی هەرە دیاری پەرلەمانی دادەنرێت، کە ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێت و بەشێکی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕووماڵی دەکەن.

بە پێچەوانەی ئەمەوە، لەو گفتوگۆ تەشریعییانەی کەمتر بەرچاون، کە بە پەرۆشییەوە چاودێری ناکرێن و چاوەڕوانییەکی کەمتریان لێ دەکرێت، بە زۆری سیاسییەکان، هاوڵەکانیان لە پەرلەمان دەدوێنن و، بەو پێیە گوتارە سۆزدارییەکە کەمتر ڕوون و بەرچاوە.

(V)

## جێبەجێکردنی نوێ بۆ پێوانەکردنی گوتاری هەڵچوونئامێز

توێژینەوەکەی سەرەوە جێبەجێکردنێکی سیستماتیکی نوێ دەخاتەڕوو بۆ پێوانەکردنی گوتاری هەڵچوونئامێز، لە ڕێی کۆکردنەوەی فەرهەنگی پێوەرە سۆزدارییەکانی وشە ئینگلیزییەکان (ANEW) و میکانیزمەکانی تێکهەڵکێشکردنی وشەکان کە بوار دەدات بە دروستبوونی فەرهەنگێکی تایبەت بە بوارەکە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش کۆمەڵێك وشەی سۆزداری و بێلایەنانە هەڵبژێردران، وەك: هەندێ وشەی بێلایەنانە "metres"، "diameter" and "radiotors" و هەندێ وشەی سۆزدارانە "appalling"، "empathy"، "horrific" and "admiration" . ئەوەی پەیوەست بێ بەو ناوچانەی ئاستێکی مامناوەندیی بەرزتر لە گوتاری هەڵچونئامێز لە ئارادا بوو، ئەوا ئەم دەستەواژانەیان بەکارهێنا وەك: «شیرازەی کۆمەڵگە»، و «چینە کۆمەڵایەتییەکان» و «خۆشگوزەرانی و جۆری ژیان»، و لەو ناوچانەی کە ئاستێکی نزمتر لە گوتاری هەڵچوونئامێز هەبوو، ئەوا دەستەواژەی «سیاسی» و «سیستم» و «ئابووری»یان بەکارهێنا.

لەم ڕوانگەیەوە و سەرەڕای ئەوەی گوتارە پەرلەمانییە هەڵچوونئامێزەکان کاریگەریی ئەرێنییان هەیە، لەگەڵ زیادبوونی گرنگیدانی گشتی بە چالاکیی نوێنەرەکانیان و لە سیاسەتدا بە شێوەیەکی گشتی، ئەوا ئەگەری هاتنەئارای دەرئەنجامی نەرێنیش لەئارادایە: ڕەنگە گوتاری هەڵچوونئامێز سەربکێشێت بۆ زیادبوونی جەمسەرگیری و سیاسەتمەداران پێیان باشتر بێت ئەولەوییەت بدەن بە بانگەشە سۆزدارییەکان لەسەر حیسابی سیاسەتە تایبەتمەند و تۆکمەکان، ئەمەش دۆخێکە زیان بە کواڵیتیی دیموکراسی دەگەیەنێت.

**گوتاری هەڵچووونئامێز، لەسەر بنەمای زمانێکی ئەرێنی یان نەرێنی، حاڵەتێکی بەربڵاوە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا**

**لە ڕوانگەی ململانێی هەڵبژاردنەوە، بەڵگەیەک هەیە کە بانگەشەکانی وروژاندنی هەست و سۆز گرێ دەداتەوە بە سەرکەوتنی پێکهاتەیەکی سیاسیی دیاریکراو لە هەڵبژاردنەکاندا**

**لە پاڵنەرەکانی ڕاکێشانی دەنگدەراندا جیاوازییەکی سیستماتیکی هەیە، ئەویش بەندە بە جۆری گفتوگۆکەوە. بەم شێوەیە لە گفتوگۆ ئاست بەرزە تەشریعییەکاندا، پەرلەمانتارەکان پاڵنەری زیاتریان هەیە بۆ گرتنەبەری گوتاری هەڵچووونئامێز بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکانێکی زیاتر**



**مەتران بەشار وەردە**

**سەرۆکی ئەساقیفەی ئەبریشەی کلدان لە کەنیسەی مار یوسف، بۆ گوڵان:**

# مسعود بارزانی وەک باوکێکە بۆ هەمووان و لەو باوکایەتییەشدا زۆر سەرکەوتووە

## لە ئایینە یەکتاپەرستییەکانی (ئیسلام و کریستیان و جوو) تاکڕەوی و توندڕۆیی واتە تۆ شەڕ لەگەڵ خوا دەکەیت و لە یەکتاپەرستی دوور کەوتوویتەوە

## گرنگترین وێستگەی سەردانەکەی پاپا، نوێژی قودداس بوو کە لە هەولێر ئەنجام درا و هەمیشەش قودداس وێستگەی کۆتایی و گرنگی سەردانەکانی پاپایە

## ئەگەر ئاسانکارییەکانی حکومەتی هەرێم نەبوایە ٨٠٠٠ خێزانی کریستیان نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە دەشتی نەینەوا

مەتران بەشار وەردە سەرۆکی ئەساقیفەی ئەبرشیەی کلدان لە کەنیسەی مار یوسف لە شاری هەولێر، یەکێکە لە کەسایەتییە ئایینییە دیارەکانی ئایینی کریستیانی و، لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی کەسایەتییەکی دیار و ناسراوە، بۆ قسەکردن لەسەر گیانی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان و، کردنەوەی سنوورەکانی کوردستان بە ڕووی ئاوارەکانی مووسڵ و ئەنبار و تکریت لەکاتی شەڕی دژی داعش، هەروەها سەردانی ئەم دواییەی قەداسەتی پاپا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ مەتران بەشار وەردە ئەنجام داو، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

**ئەو خودایەی لە ئێمە مەزنتر و بەتواناترە و خوڵقێنەری ئێمەیە، ئێمەی قبووڵە، کەواتە چۆن ئێمە یەکتر قبووڵ نەکەین؟**

**پێکەوەژیان لە مەسیحییەتدا لە هەڵوێستی ئەرێنییەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە ئەوەی لە قەیرانی ململانێیدا خۆشەویستی هەبێت و دەستخۆشیش لە بوغزێنەرانتان بکەن**

**ئەو رووبەرە جوگرافییەی کە پێی دەڵێن کوردستان، کەوتووەتە ناوەڕاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نازانین نیعمەتە، یان بەڵایە، چونکە ناوچەیەکی فرە ئایینی و ئایینزایی و ئیتنی و کۆمەڵایەتییە**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین تێڕوانینی حەزرەتی مەسیح بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی چۆنە؟**

- بابەتی پێکەوەژیان بناغەکەی لەسەر یەکتر قبووڵکردنە، یەکترقبووڵکردنیش، کە دەڵێین قبووڵکردنی بەرانبەر، واتا من نا، بە واتای جیاواز لە من، لە رووی تەمەن و رەگەز و رەنگ و ئیتن و ئایینزا و ئایین و قەناعەتەوە، هەموو ئەمانە واتە کەسانی دیکە، کە جیاوازن، قبووڵکردنی یەکتریش جۆرێکە لە چاکە، واتا مرۆڤ دەگاتە ئەو قۆناغەی، کە یەکەم شت خۆی قبوول دەکات، هەروەها قبووڵی ئەوە دەکات کە بڕوای وایە کە ئەو خودایەی لە ئێمە مەزنتر و بەتواناترە و خوڵقێنەری ئێمەیە، ئێمەی قبووڵە، کەواتە چۆن ئێمە یەکتر قبووڵ نەکەین؟ سەبارەت بە مەسیحییەتیش ئەو پێکەوەژیانە لەوەوە دەست پێ دەکات (کار بۆ خەڵك بکەن وەك ئەوەی ئێوە دەتانەوێت کە خەڵك بۆتانی بکات)، ئەمەیان هەنگاوێکی ئەرێنییە، یەکەم شتی ئەو بۆچوونە ئەرێنییە ئەوەیە کە تۆ چۆن دەتەوێت خەڵك بە ئەرێنی مامەڵەو هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکات، تۆش ئاوا بکە، دواتر دەگاتە جیاوازی، دەگاتە قۆناغی ململانێ، ئێمە هەمیشە دەڵێین (خۆشەویستیی خودا، خۆشەویستیی نزیك، خۆشەویستیی غەریب، یان بێگانە)، ئەمە لە سەردەمی کۆندا هەبووە، خۆشەویستیی نزیك واتا کوڕی عەشیرەت و خێزان و ئایین و ئایینزا، خۆشەویستیی غەریب، یان بێگانە ئەویش واتا پێویستی بەوەیە کە یەکێك پشتیوانیی لێ بکات، لای یەسسووع خۆشەویستیی دوژمنانیش هەیە، کە دەڵێت: دوژمنانتان خۆش بوێت و دەستخۆشی لە بوغزێنەرانتان بکەن، ئەمەیان قۆناغێکی دیکەیە، کەواتە لە مەسیحییەتدا قۆناغی پێکەوەژیان لە هەڵوێستی ئەرێنییەوە دەست پێ دەکات، لە سەردەمی کۆندا ئەوە هەبووە کە دەڵێت: (کارێك بۆ خەڵك مەکەن، ئەوەی ئێوە ناتانەوێت کە خەڵك بۆتانی بکات)، واتا شتێك کە خەڵك بۆتانی نەکات، ئێوە مەیکەن، بەڵام ئەوە پەیوەندیی نییە، تەنیا ئەوەیە کە یەکێك لە یەکێکی دیکە دوور بکەوێتەوە، پەیوەندی بەوەوەیە کە تۆ ڕایەڵەکانی پەیوەندیت لەگەڵ بەرانبەر دروست دەکەیت، کە چۆن دەتەوێت بەرانبەرت قبووڵت بکات، تۆش قبووڵی دەکەیت و، چۆن هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکات، تۆش بەم شێوەیە بە، بۆیە یەسسووع گوتوویەتی: کار بۆ خەڵك بکە، جا ئەگەر کار گەیشتە حاڵەتێکی ململانێ و دوژمنایەتی، ئەوا مرۆڤ دەبێ نوێژی بۆ بکات، جاری وا هەیە بۆچوونی بەرژەوەندی وا دەکات کەسێك ببێتە دوژمن، لەو سۆنگەیەوە پێکەوەژیان لە مەسیحییەتدا لە هەڵوێستی ئەرێنییەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە ئەوەی لە قەیرانی ململانێیدا خۆشەویستی هەبێت و دەستخۆشیش لە بوغزێنەرانتان بکەن.

*** لە هەر کۆمەڵگەیەکدا فرەرەنگی و ئیتنی و ئایینی و نەتەوەیی هەیە، کە زۆر جار دەگۆڕێت بۆ دیاردەی پێکەوە نەژیان و توندڕەوی، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا، دەبینین ئەم جیاوازی و فرەییە بووە بە هێزێك و رووی گەشی هەرێم پیشانی جیهان دەدات، خوێندنەوەتان بۆ ئەم بابەتە لە هەرێمی کوردستان چییە؟**

- یەکەم شت ئاراستەی پاڵپشتی و هاندان و بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبووردن و پێکەوە ژیان، لە راستیدا بەو واتایەیە کە تۆ ژیانت دەوێت، چونکە ئەگەر ئەو رێچکەیە نەگریتە بەر، واتا پێشبینیی ململانێ و شەڕ دەکەیت، کە ئەمەش هێزت لەبەر دەبڕێت و کارەسات و زیان و ماڵوێرانیی بەدواوە دێت، لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ئەمانەمان زۆر دیوە، ئەو کۆمەڵگەیانەی لە شەڕو ململانێیدان، لەناو دەچن، بۆیە ئەگەر تۆ ژیانت دەوێت، پێویستە بە دوای رێگەکانی ژیاندا بگەڕێیت، رێگەکانی ژیانیش لە رێی پێکەوەژیانەوە دەبێت، ئەو رووبەرە جوگرافییەی کە پێی دەڵێن کوردستان، کەوتووەتە ناوەڕاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نازانین نیعمەتە، یان بەڵایە، چونکە ناوچەیەکی فرە ئایینی و ئایینزایی و ئیتنی و کۆمەڵایەتییە، بە داخەوە ئەو فرەییە لە مێژوودا لایەرەی نەرێنیی هەبووە، بتەوێ، یان نەتەوێ کاریگەریی دەبێت، چونکە ئەگەر کوردستان وەربگریت، دەبینیت دەوروپشتی هەمووی دوژمنە، دەزانین کە عێراق گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێیەکانە،

چ لە ڕووی ئیقلیمییەوە بێت، یان نێودەوڵەتی، ئەوەی لە مووسڵ ڕوو دەدات، کاریگەریی بۆ سەر ئێمە هەیە، پێشوازیکردن لە سێ ملیۆن ئاوارە، ڕاستە ململانێمان بۆ خۆمان نەهێناوە، بەڵام بارگرانییە، دەبێ هەر بەرگەی بگریت، بتەوێت، یان نا، ململانێی ناوچەکە ڕووی تێ کردووین، تەنانەت لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژێرخانیشەوە کاریگەریی کردووەتە سەرمان، ڕەنگە هەیە مەغروور بێت، چونکە ١٢٠٠ کیلۆمەتر سنوورت لەگەڵ داعش هەیە، دەبێ هەندێ فیکر لەبیر بکەیت، بۆیە هاندانی کەلتووری پێکەوە ژیان ئەرکێکی گەورەیە و ئاسان نییە، یەکەم شت لە بەرهەڵستیکردن و بەرەوڕووبوونەوەی پەرگیری دەست پێ دەکات، دووەم کارکردن لەسەر بەرنامەگەلێك بۆ ڕۆشنبیرکردن و هۆشیاری، سێیەم ڕیسواکردنی هەڵبەستنی درۆودەلەسە، چونکە ئەوەی پێی دەڵێین قارەمانانی پەرگیر و توندوتیژی هەمیشە لە هەڵبژاردنی تێکستدا میزاجیان هەیە، کاتێ دێینە سەر ڕاستییە گرنگەکەش ئەوەی پێی دەڵێین ئایینەکانی یەکتاپەرستی، پەرگیری و دژی یەکبوونە، چونکە پەرگیریی ئایینی بەتایبەتی لە ئیسلام و مەسیحییەت و یەهودییەتدا، ڕۆدەچێتە دژی جەوهەری ئەو ئایینانە، ئەو ئایینانە یەکتاپەرستن، بڕوامان بە یەك خودا هەیە، واتا تۆ لە پەرگیری دێیت هێزێك دژی خودا بەرزدەکەیتەوە، ئەوەی پێی دەگوترێت شەیتان، یان ئیبلیس، یان هەر ناوێکی لێ دەنێیت، وەك بڵێیت ئەو هێزانە شەڕ لەگەڵ خوادا دەکەن، دەیانەوێت خەڵك بۆ خۆیان ڕابکێشن، لێرەدا دوولایەنی دەردەکەوێت نەك یەکتاپەرستی، بەندەکانی خودا هەن و بەندەکانی ئیبلیسیش هەن، کوڕانی ڕووناکی و کوڕانی تاریکی، کوڕانی خێرخوازی و کوڕانی شەڕانگێزی، کەواتە تۆ لە یەکتاپەرستی لات دا، کەی ئیبلیسیش هێزێك بووە بەرانبەر خودا؟ ئەمە ئەستەمەو نابێت، بۆیە پێویستە هۆشیاری هەبێت، ئەو هەنگاوانە پێیان دەڵێین خۆپارێزی، وەك نەخۆشێك وایە کە پێویستی بە چاودێریکردن هەبێت، دواتر بەرنامەگەلێکی دیکە دێن کە ئاراستەی ئەرێنییان هەیە، وەك کۆنگرە و دیدار و سەردانی بەرانبەر، هاندان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسندە، بۆ نموونە هەموو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی خۆشی و ناخۆشی کاروباری مرۆیین و دەبێ هان بدرێن، بەشداریکردن لە خۆشی و ناخۆشییەکان لە گەڕەکێك، یان ناوچەیەك، یان پارێزگایەك، خەسڵەت و سیمای جوان دەبەخشن، ئەوەش قورسە بۆ کوردستان کە بە هەڵچوونی سیاسی و فیکری و مەزهەبی و ئیتنی دەورە دراوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ستایشی ئەو هەنگاوە سەرکەوتووانە دەکەین، ئەمەش کاتی پێویستە، نەك لەبەر ئەوەی لە ناوخۆ کێشەمان هەیە، بەڵکو ئێمە بە ناوچەگەلێکی قەیراناوی دەورە دراوین، ئەو قەیرانانەش یەکەم شت و دواشت هەر قەیرانی پێکەوەژیانن.

*** لە دەشتی نەینەوا و ئەنبار و کەرکووك و سەلاحەددین داعش پەلاماری زۆر ناوچەی دا، خەڵکێکی زۆری مەسیحی و ئێزیدی و موسڵمان ئاوارە بوون و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و، بە سینگفراوانییەوە پێشوازی کران، ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- زۆر لە دەوڵەتان ستایش و ئاماژەی باشیان بەو لایەنە کردووە زۆر ڕوونە، لە میانی سەردانەکانی زۆر لە سەرۆکانی حکومەت و دەوڵەتان و وەزیران ئەمە زۆر بە ئەرێنی دەرکەوت، کاتی قەیرانەکە ئێمە لێرە بووین، ١٣ هەزار و ٢٠٠ خێزانمان هەبوو لەگەڵ ئێزیدی و خەڵکی دیکە ئاوارە بووبوون، بۆیە لە میانی سەردانی ئەو بەرپرسە نێودەوڵەتییانە دووپاتکردنەوە و دانپێدانان بوو بۆ ئەمەی کە ڕوویدا لەو بۆچوونە ئەرێنییە، ئەمە یەك، دواتر کە دێیتە سەر کەنیسە دەبینیت کە شەش کاردینال کە نزیك لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی پاپان، ئامادەی سەردان و بەسەرکردنەوەکە بوون، هەموو ئاسانکاری و هاریکارییان بۆ دابینکرا، تا بگەنە زاخۆ و دهۆك و سەردانی خێوەتگاکانی ئاوارەکان بکەن، لە هەمان کاتدا حکومەت زۆر شتی بۆ ئاسان کردین، بۆ نموونە زۆر لە کەنیسەکان و کۆمەڵەی کەنیسەکان ویستیان هاوکاری پێشکەش بکەن، بۆیە تێپەڕاندنی بیرۆکراتییەت و زۆر شتی دیکە پرۆسەی پێشوازی و لەخۆگرتنی بۆ ئاسان کردین، بۆیە

**ململانێی ناوچەکە ڕووی تێ کردووین، تەنانەت لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژێرخانیشەوە کاریگەریی کردووەتە سەرمان**

**پەرگیریی ئایینی بە تایبەتی لە ئیسلام و مەسیحییەت و یەهودییەتدا، ڕۆدەچێتە دژی جەوهەری ئەو ئایینانە**

**هەموو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی خۆشی و ناخۆشی کاروباری مرۆیین و دەبێ هان بدرێن، بەشداریکردن لە خۆشی و ناخۆشییەکان لە گەڕەکێک، یان ناوچەیەک، یان پارێزگایەک، خەسڵەت و سیمای جوان دەبەخشن**

**ئەگەر هەنگاو و ئاسانکارییەکانی کوردستان نەبوونایە، هەشت هەزار خێزان نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە گوندەکانی دەشتی نەینەوا**

**هەندێ کەس هەیە نازانێت ئێمە لە کەنیسە چی دەکەین، ڕەنگە بۆچوونی هەڵە هەبێت لەسەر قودداس، تا بزانن قودداس نوێژەو ئەمەیە کە دەیبینێت، هەندێ جار دەگوترا ڕەنگە لەناو کەنیسە سەما هەبێت، چونکە نازانن و ئاگادار نین**

**کاتێک زیاتر لە (٣٨٢) کەناڵ ڕووداوەکە لە هەولێرەوە دەگوازنەوە، واتا تۆ هەولێر دەخەیتە سەر نەخشەی جیهان، چونکە پاپا ڕوو لە هەر کوێیەک بکات ڕاگەیاندنیش ڕوو لەوێ دەکات**

**لە سەردانەکەی ئەم دواییەم بۆ ئەمریکا هەموویان زانییان هەولێر لە کوێیە، سەردانی پاپا بۆ ئەوێ بوو، پاشان دەبینن کە عێراق پڕیەتی لە قەیران و تیرۆر و توندوتیژی، بەڵام قودداس لە هەولێر کرا، ئەوەش گرنگ بوو**

ئێمە وەك کەنیسە بووینە بەشێك لە چارەسەر، هەوڵمانداوە نەبینە بارگرانییەك لەسەر بارگرانیی دیکە، سێ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار ئاوارە کەم نییە کە ئاوارەی دیکەشی هاتە سەر لە ئەنبار و مووسڵ و سەلاحەددین، ئەمانە هەموویان لە بەرپرسیارێتیی حکومەتدا بوون، دابینکردنی قوتابخانە و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاو و خۆراك و دابینکردنی کرێ، لە ڕاستیدا ئەو هاوکارییەی کرا لە نێوان ئێمەو حکومەت، هۆکار بوو بۆ سووککردنی باری شانی حکومەت، ئەگەر هەنگاو و ئاسانکارییەکانی کوردستان نەبوونایە، هەشت هەزار خێزان نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە گوندەکانی دەشتی نەینەوا، چونکە لە سەرەتادا نزیکەی شەش هەزار خێزان کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی وڵات، ئێمە کاردەکەین بۆ ئاسانکاری و سووککردنی مەینەتییەکان، ناڵێین لابردنیان، ئەمەش لەپێناو گەڕانەوە، سوپاس بۆ خودا بە هۆی ئەو کارانەی ئەنجام دران لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی و زاخۆ، هەشت هەزار خێزان توانیان بگەڕێنەوەو ئێستاش خەڵکی نۆ گوندی دەشتی نەینەوا گەڕاونەتەوە.

*** پرسیارەکە سەبارەت بە قەداسەتی پاپایە و سەردانەکەی بۆ کوردستان، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هۆکاری ئەوە چی بوو بۆ ئەنجامدانی نوێژی قودداس، هەولێری هەڵبژارد؟**

- لە بەرنامەکانی سەردانی پاپا بۆ وڵاتان، هەمیشە قودداس وێستگەی کۆتایی و گرنگە، ئێمە قودداس بە جەوهەری ژیان ناو دەبەین لای مەسیح و، گرنگترین ڕووداوە، بۆ ئێمە کە بەشێکین لە دانانی بەرنامەکە، من سوور بووم کە قودداسەکە لە هەولێر بەڕێوەبچێت، چەند ڕاستییەك هەیە، یەکەم ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێشوازیکردنی گەرمی کۆمەڵگەی کوردستانی بە هەموانەوە بگرە لە بەرپرسانەوە تا هەموو تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، کە پێیان گوت (بەخێر بێن)، ئەوەی هانی دام، ئەوە بوو کە هەمیشە قودداس لە کاتدرائییە دەکرێت، کە هەمیشە سەنتەرە، بەڵام من گوتم نا، بچووکە و دەبێت فراوانتر بێت، تا ببێتە دەرفەتێك هەموو لایەك ببینن و پێی ئاشنا بن، چونکە ئەوەی گرنکە لە پێکەوەژیان ئەوەیە تا بەرانبەر بناسیت و فیکری دیکەت نەبێت، هەندێ کەس هەیە نازانێت ئێمە لە کەنیسە چی دەکەین، ڕەنگە بۆچوونی هەڵە هەبێت لەسەر قودداس، تا بزانن قودداس نوێژەو ئەمەیە کە دەیبینێت، هەندێ جار دەگوترا ڕەنگە لەناو کەنیسە سەما هەبێت، چونکە نازانن و ئاگادار نین، پشت بە قسە و قسەڵۆکی درۆ دەبەستن، بۆ ئەوە بوو تا بە چاوی خۆیان ببینن کە ئەمە نوێژە و شتێك نییە پێچەوانەی پەرستن و ڕێزگرتن بێت، ئەمە بە بەرانبەر دەڵێت ئەوانە مەسیحین، کاتێکیش لایەنی میدیا و ڕاگەیاندن وەردەگریت، زیاتر لە (٣٨٢) کەناڵ ڕووداوەکە لە هەولێرەوە دەگوازنەوە، واتا تۆ هەولێر دەخەیتە سەر نەخشەی جیهان، چونکە پاپا ڕوو لە هەر کوێیەك بکات ڕاگەیاندنیش ڕوو لەوێ دەکات، بینیمان لە سەردانەکەی ئەم دواییەم بۆ ئەمریکا هەموویان زانییان هەولێر لە کوێیە، سەردانی پاپا بۆ ئەوێ بوو، پاشان دەبینن کە عێراق پڕیەتی لە قەیران و تیرۆر و توندوتیژی، بەڵام قودداس لە هەولێر کرا، ئەوەش گرنگ بوو، ئەمە فرە ڕەهەند بوو.

*** بۆچوونی جەنابتان چییە لەهەمبەر ئەو سیاسەتەی کە سەرۆك مسعود بارزانی پەیڕەوی دەکات لە کوردستان لە ڕووی پێکەوەژیان و لێبووردەییەوە؟**

- بە کورتی دەڵێم: مسعود بارزانی خۆی وەك باوکێکە بۆ هەمووان، لەو باوکایەتییەشدا زۆر سەرکەوتوو بوو، بە تایبەتیش کە لە ئێستادا زیاتر خۆی بۆ بەدواداچوونی کاروباری سەرجەم کۆمەڵگەی کوردستانی تەرخان کردووە، ماڵ و دیوانی کراوەن، ئەمەش ئەرکێکی گرنگە، کە گوێ بگرێت و بەدواداچوون بکەیت، ڕەنگە لە ڕابردوودا ئەرکی سەرۆکایەتی ناچاری کردبێت کە لەسەر یەك هێڵ بێت، بەڵام ئێستا نا، ئەو باوکە و، لەمەشدا وەك باوك سەرکەوتوو بوو، بۆیە لەگەڵ بوونی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی پێویستی بەوەیە کە باوك بێت.

*** دوا پەیڤتان چییە، یان ئەو پرسیارەی کە لێتان نەکرایێت؟**

- سوپاس و پێزانینێکی زۆر، هەمیشە دەڵێین ئەو هەنگاو و پێناسانە زۆر گرنگن، چونکە پێکەوەژیان بەهێز دەکەن.

## مەتران بەشار وەردە لە چەند دێڕێکدا

- بەشار مەتی وەردە لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٩ لە بەغدا لەدایك بووە.
- لە خولی ساڵی ١٩٨١چووەتە پەیمانگەی شەمعون سەفای کەهنوتی پەتریرکیی کلدانی، لەوێ و لە ساڵی ١٩٨٧دەستی بە خوێندنی فەلسەفە و لاهوت کردووە و، کۆلێجی بابلی حەبر بۆ فەلسەفە و لاهوت لە ساڵانی ١٩٩١ -١٩٩٣ تەواوکردووە.
- لە ٨ی ئایاری ١٩٩٣ لەسەر دەستی سەعید ئەلزکر پەتریرك مار ڕۆفائیلی یەکەم بیداوید لە کاتدرائییەی کلدانیی قدیس یوسف لە بەغدا بە کاهین ناونراوە.
- لە ساڵی ١٩٩٤، لە خورنەی ڕەسولەین وەك یاریدەدەر کاری کردووە، هەروەها وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگەی کەهنوتی (بەشی منداڵان) و لە ساڵی ١٩٩٥ لە بەغدا وەك چاودێری خورنەی حیکمەی ئیلاهی کاری کردووە.
- لە ئابی ١٩٩٥ چووتە ڕیز ڕەهبەنەی فادی ئەقدەس و ڕووی لە کۆماری ئێرلەندای باشوور کردووە، بۆ تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی ڕەهبانی، نزوری ئاسانی لە ساڵی ١٩٩٧ بە دەست هێناوەو نزوری هەمیشەییش لە ١٥ی ئەیلوولی ٢٠٠١.
- لە ساڵی ١٩٩٧ پەیوەندی بە زانکۆی لۆڤانی کاسۆلیکی کردووە لە بەلجیکاو، لە ساڵی ١٩٩٩بڕوانامەی ماستەری لە لاهوتی ڕەوشت وەرگرتووە و ناونیشانی توێژینەوەکەشی (توندوتیژیی ئایینی و لێکەوتەکانی ڕەوشت) بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٩ گەڕاوەتەوە عێراق و دەستی کردووە بە وانەگوتنەوەی لاهوتی ئەدەبیی بنەڕەتی و خوێندنی کۆمەڵایەتیی کەنیسە لە کۆلێجی بابل و پەیمانگای ڕۆشنبیرکردنی مەسیحی، کە تا ئێستاش بەردەوامە، هەروەها بووەتە بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆشنبیری لە کۆلێجەکەو لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە وەك ئەمینداری گشتی کۆلیجەکە دامەزراوە.
- لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠١ تا ئابی ٢٠٠٦، لەلایەن رەهبانەکەیەوە داوای لێ کراوە وەك چاودێری کەنیسەی مار ئیلیا ئەلحیری لە بەغدا دەست بەکار ببێت، لەوێ و لە ساڵی ٢٠٠٥ قوتابخانەی سەرەتایی خێوەتی عەزرای دامەزراند.
- لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦، پەتریارکییەی کلدانیی بابل ڕایسپاردووە بۆ سەرپەرشتیکردنی کارگێڕیی پەیمانگەی شەمعون سەفای کەهنوتی پەتریارکی لە عەنکاوەو بەڕێوەبەری پەیمانگاکە لە ئەلوولی ٢٠٠٧.
- سەرپەرشتیی دروستکردنی دێری ڕەسولەین مار ئەدی و مار ماری لە عەنکاوە(هەولێر- عێراق) کردووە، کە بریتییە لە بارەگای هاوینەی پەتریارکی و بارەگای پەیمانگای کەهنوتی پەتریارکی، هەروەها سەرپەرشتیی دروستکردنی بینایەی سەنتەری قدیس یوسف ڕەعەوی لە ناحیەی ئەلقوش (نەینەوا- عێراق) کردووە.
- **بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

١. کتێبی ئامۆژگاری ساڵی٢٠٠٧

٢. کتێبی: وەستانێك لەگەڵ خوداماندا ساڵی٢٠٠٨

٣. کتێبی: ڕەوشت بانگەوازە، بنەماکانی ڕەوشتی مەسیحییەت ساڵی٢٠٠٨





سعود مسفۆ

ڕاوێژکاری یاسایی لە ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزیدی بۆ گوڵان:

# لای ئێزیدییەکان ئاشتی و پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن هەڵقوڵاوی ئایین و کەلتووری کوردستانیبوونمانە

# سەرۆک مسعود بارزانی فاکتەری سەرەکییە بۆ جێبەجێکردنی یاسای مافی پاراستنی پێکهاتەکان بە گشتی و کوردانی ئێزیدی بە تایبەتی

**گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان لای کوردانی ئێزیدی لە ئاستێکی بەرزدایە، هەر لە شێخانەوە تا دەگاتە شنگال ئێزیدییەکان لە باشووری کوردستان ژمارەیەکی زۆریان لەو دەڤەرانە نیشتەجێن کە بە ناوچەیەکی پێکهاتەی ئایینی و ئایینزایی دادەنرێت. بۆ پاراستنی ئەم کەلتوورەی پێکەوەژیانە پێویستیمان بەوە هەیە کە بە یاسا ڕێك بخرێت و لە دەستووردا ڕەنگ بداتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی سعود مسفۆ ڕاوێژکاری یاسایی ئەنجومەنی رۆحانیی ئێزیدی کرد و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** یەکێك لە سیما جوانەکانی کوردەواری کە لە کوردانی ئێزیدی ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەیە کە وێڕای ئەوەی کوردانی ئێزیدی هەموو کات قوربانی بوون و چەندین جار لە مێژوودا ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەوە، بەڵام هەرگیز نەبوونە توندڕەو و توندتیژییان بەرامبەر نەتەوە و ئایینەکانی دیکە نەکردووە، ئایا دەکرێت بزانین ئەو هۆکارانە چین کە وای کردووە گیانی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان لای کوردانی ئێزیدی ئەوەندە بەرز بێت؟**

- ئێزیدی بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردەوارین و مێژوویەکی دوور و درێژیان پێکەوە هەیە، فەرهەنگ و کەلتووری لێبووردەیی و ئاشتی لە ناخی نەتەوەکەیان و ئایینەکەیانەوە هەڵقوڵاوە. ئێمە لەو بڕوایەداین ئەگەر فەرهەنگی پێکەوەژیان و لێبووردەییمان نەبووایە، ئەوا کوردانی ئێزیدی لەناو دەچوون، کەلتووری نەتەوەییمان و ناوەڕۆکی ئایینەکەمان هانمان دەدات بۆ ڕێزگرتن لەبەرامبەر و یەکتر قبووڵکردن و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و توندڕەوی، بۆیە لەگەڵ ئەوەی لە مێژوودا گەلێك جار کوردانی ئێزیدی ڕووبەڕووی توندوتیژی و توندڕەوی و کۆمەڵکوژی بوونەتەوە و ناسنامە و ئایینەکەیان کەوتووەتە بەر هەڕەشە، بەڵام بەردەوام پیاوانی ئایینی و کەسایەتیی ئێزیدی و پیاو ماقووڵان و ڕۆشنبیرانمان داکۆکییان لە دەستەواژەی ئاشتی و پێکەوەژیان کردووە و، جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەم دەستەواژانە بە پراکتیکی لە ژیانی خۆماندا جێبەجێیان بکەین و تەنیا وشە و دروشم نەبێت. ئایینی ئێزیدی و پیاوانی ئایینی و ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزیدی و پیاوانی ماقووڵان هەر هەموویان بەردەوام داکۆکی لە پاراستنی ناوەڕۆکی ئایینەکە و کەلتووری نەتەوەیی کوردانی ئێزیدی دەکەنەوە، بەوەی ئاشتیخواز بین و داکۆکی لەسەر پێکەوەژیان و لێبووردەیی و یەکتر قبووڵکردن بکەینەوە، ئەم ئامانجە ئایینی و نەتەوەییەش لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا باشتر دەتوانرێت داکۆکی لێ بکرێت، چونکە ئێزیدی بەشێکی گرنگی کەلتووری کوردستانییە، بۆیە شانازی بە کوردستانیبوونمان دەکەین، خۆ ئەگەر ژیانی ئێمە بەراورد بکەین بە ناوچەکانی دەوروبەری ئێمە، ئەو ڕاستییە بە جوانی دەبینین کە ئێزیدییەکان ڕووبەڕووی کوشتن و رفاندن و کۆمەڵکوژی و کۆچپێکردن بوونەتەوە.

*** هەر لە شێخانەوە تا دەگاتە شنگال؛ کوردانی ئێزیدی لەو ناوچەیانەی باشووری کوردستان نیشتەجێن و، یەکێك لە خەسڵەتە جوانەکانی ئەم دەڤەرەش ئەوەیە کە هەموو ئایینەکانی تێدایە و پێکەوە تەبان، دیارە ئەمە**

**ئەگەر فەرهەنگی پێکەوەژیان و لێبووردەیمان نەبووایە، ئەوا کوردانی ئێزیدی لەناو دەچوون**

**کەلتووری نەتەوەییمان و ناوەڕۆکی ئایینەکەمان هانمان دەدات بۆ ڕێزگرتن لەبەرامبەر و یەکتر قبووڵکردن و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و توندڕەوی**

**ئێزیدی بەشێکی گرنگی کەلتووری کوردستانییە، بۆیە شانازی بە کوردستانیبوونمان دەکەین**

**هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر تەواوی سنووری ناوچەکە وای کرد، زیانی گەورە بەر پێکەوەژیان بکەوێت**

**شۆڕشی ئەیلوول یەکەمین شۆڕشی کورد بووە بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کە هەموو پێکهاتەی کوردستانی بە نەتەوە و ئایین و ئایینزا و تیرە و هۆزەوە هەمووی پێکەوە گرێ دا**

**خەسڵەت و دیاردەیەکی لەمێژینەی کوردستانە، بەڵام شۆڕشەکانی کوردستانیش بەردەوام ئەم خەسڵەتەیان پاراستووە، بەتایبەتیش لەسەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول و ئێستاش سەرۆك مسعود بارزانی، ئایا تاچەند پشتگیری مەلا مستەفا و ئێستاش سەرۆك مسعود بارزانی کاریگەریی لەسەر بەرگریکردن لە ئێزیدییان و پێکەوە ژیان هەبووە؟**

- دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی شێخان تا دەگاتە شنگال ناوچەیەکی فراوان و سەر سنووری هەرێمی کوردستانە، ئەوەی ئەم ناوچانە جیا دەکاتەوە لەناوچەکانی دیکە، ئەوەیە کە تەواوی ناوچەکە دەکەوێتە سەر سنووری کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عەرەبی لە عێراقدا، ئەمە قەدەری کوردانی ئێزیدی بووە، بەردەوام سنوورەکانیان بە ناوچە عەرەبییەکانەوە بووە و کەوتوونەتە بەر هەڕەشە و کۆمەڵکوژی و دەرکردن. لەگەڵ ئەمەشدا پێمان وایە ئەگەر ئەم کەلتوورە جوانەی پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن نەبووایە، لەم ناوچەی کە زۆرینەی کوردانی ئێزیدی تێدایە، ئەوا کوردانی ئێزیدی زیاتر دەکەوتنە بەردەم هەڕەشە و کۆمەڵکوژی، ئێمە بە خۆشحاڵییەوە دەڕوانینە ناوچەکانمان کە تا ڕادەیەکی باش ئەم پێکەوەژیانە فەراهەم بووە لای خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەیەوە، ئێمە نابێژین شامە شەکرە، بەڵام بەتایبەت تا ٢٠١٤ ئەم پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردنە لە تەواوی ناوچەکەدا بەتایبەتی لە شنگال بەرقەرار بووە، بە داخەوە هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر تەواوی سنووری ناوچەکە وای کرد، زیانی گەورە بەر پێکەوەژیان بکەوێت، چونکە لێبووردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی و ئارامی و یەکترقبووڵکردن ڕێگربوو لە بەردەم ئامانج و حەز و ویستی گرووپە توندڕەوەکان کە بڕوایان بە توندوتیژی و سڕینەوەی سیمای نەتەوەیی و ئایینی بەرامبەرە. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشت، بەڵێ شۆڕشی ئەیلوول یەکەمین شۆڕشی کورد بووە بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کە هەموو پێکهاتەی کوردستانی بە نەتەوە و ئایین و ئایینزا و تیرە و هۆزەوە هەمووی پێکەوە گرێ دا و ئاراستەی ئامانج و مەبەستی کردە یەك، ئەو کاتیش کوردانی ئێزیدی وەکو بەشێکی ڕەسەنی کۆمەڵگەی کوردی بەشدارییەکی ئەکتیڤیان لە شۆڕشی ئەیلوول هەبوو، ئەوەی وای لە ئێزیدییەکان کرد، بەشداری ئەو شۆڕشە بکەن و شەهید و بریندارو قوربانی لەناو کوردانی ئێزیدی هەبێت، ئەو دادپەروەرییەی ڕەحمەتی مەلا مستەفا بارزانی بوو، شۆڕشەکانی دواتریش هەر لە شۆڕشی گوڵانەوە تاوەکو ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ کە کوردانی ئێزیدیش بە هاوشێوەی تیر و هۆز و کوردەکانی دیکە بە گەلێك قۆناغی دژواردا تێپەڕبوون و، خوێنی کوردی ئێزیدیش لەگەڵ کوردی موسڵمان لە پێناو مانەوە و ئازادی و ئاشتی و بۆ یەك ئامانج ڕژا، تا گەیشتینە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ، چونکە ئێمە بڕوامان نییە عێراق وەکو دەوڵەتێکی هاوچەرخ سیمای مابێت و، بووەتە دەوڵەتی گرووپە چەکدارەکان و میلیشیات و سوپایەکی مەزهەبی و توندوتیژی ئایینی و تائیفی هەر بۆیە لە ٢٠٪ی ئێزیدییەکان کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی وڵات و تاکە ڕێگری لە بەردەم ڕاوەستانی کۆچی ئێزیدییەکان جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و گەڕانەوەی ناوچەی ستراتیژی ئێزیدییەکانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و پاراستنی پێکهاتەکانە لە دەشتی نەینەوا.

*** لە زۆر بۆنەدا جەنابی سەرۆك بارزانی سەبارەت بە کوردانی ئێزیدی تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە (کوردانی ئێزیدی کوردی ڕەسەنن و ئەوان دووجار چەوساونەتەوە، جارێك لەبەر ئەوەی کورد بوون و جارێکی دیکەش لەبەر ئەوەی ئایینەکەیان جیاواز بووە)، هەموو کات خۆی بە پارێزەری کوردانی ئێزیدی داناوە، ئایا لە دیدی ئێوەوە ئەو پشتگیری و بەرگرییەی سەرۆك بارزانی لە کوردانی ئێزیدی کرد، لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- فاکتەری ئارامیی کومەڵگەی ئێزیدی و دڵخۆشی و کەیفی ئەوان و زیاتر هاندانیان کە لەناو نەتەوەی خۆیاندا بمێننەوە ئەو پاڵپشتی و پشتیوانییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ڕەحمەتی مستەفا بارزانی و درێژە پێدەری لە لای سەرۆك مسعود بارزانی بووە، کە بەردەوام

داکۆکی و پێداگری لە پێکهاتەی کوردستانی دەکات، بەتایبەتی پێکهاتەی کوردانی ئێزیدی و پاراستنیان لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سەرۆك مەسعود بارزانی هەموو هەوڵی خۆی بۆ ئەوە دابوو کوردانی ئێزیدی بەشێکی ئەکتیڤ و کارا بن لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە داخەوە لەساڵی ١٩٩١ تەواوی ئەو ناوچەیەی کە لە کوردستانی باشوور کوردانی ئێزیدی تێدا نیشتەجێن، ئازاد نەکرا تەنیا ١٠٪ی ئازاد کرا و ٩٠٪ی کەوتبوونە ناوچە جێناکۆکەکان و دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کە لە دەستووری عێراقدا بە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ دادەنرا و بەداخەوە تا ئێستا ئەو ماددەیە لە دەستووری عێراقدا نەهاتووەتە جێبەجێکردن. لە کوردستان یاسای مافی پاراستنی پێکهاتەکانی کوردستانی هەیە و لە ٢٠١٥ لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بووە و یاسایەکی کەم وێنەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە مافی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی هەموو ئایینزاکانی تێدا پارێزراوە. سەرۆك مسعود بارزانی فاکتەری سەرەکییە بۆ جێبەجێکردنی یاسای مافی پاراستنی پێکهاتەکان بەگشتی و کوردانی ئێزیدی بەتایبەتی و بەهێزکردنی کەلتووری پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن و جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی خۆمان. لە ٢٠١٤ بۆ جارێکی دیکە کوردانی ئێزیدی ناوچەی خۆیان لەدەست دا، بە پاڵپشتیی سەرۆك مسعود بارزانی کوردانی ئێزیدی توانییان جوگرافیای خۆیان دەست بکەوێتەوە، بەمەش سەرۆك مسعود بارزانی بەڵێنە مێژووییەکەی خۆی جێبەجێ کرد و لە شەڕێکی دژوار و درێژ و سەرکێشییەکی بێ وێنەدا تەواوی ناوچەکانی کوردانی ئێزیدی ئازاد کرد و سەلماندی کە قووڵایی ستراتیژی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینیی کوردانی ئێزیدی هەر کوردستانە. سەرۆك مسعود بارزانی بەردەوام لە چوارچێوەی یاسا و دەستووردا مافەکانی پێکهاتەکانی کوردستانی پاراستووە، دڵنیاشین هەروەکو چۆن سەرۆك توانی مافی پێکهاتەکان لە دەستووری عێراقدا بچەسپێنێت، هەروەها لە دەستووری داهاتووی کوردستاندا جێگای مافی هەموو پێکهاتەکان لە ناویاندا کوردانی ئێزیدی دەپارێزێت.

*** لە ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەشداریی کوردانی ئێزیدی بۆ دەنگدان بۆ سەربەخۆیی زۆر بەرز بوو، ئەم دیاردەیە ئەوەی لێ خوێندرایەوە کە کوردانی ئێزیدی هەست دەکەن یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو مەینەتییەی بە سەریان هاتووە، هی ئەوەیە کە کوردستان دەوڵەتی نییە، ئایا لە دیدی کوردانی ئێزیدییەوە سەربەخۆیی کوردستان چ مانایەکی هەیە؟**

- ئەگەر ماددەی ١٤٠ی دەستووری جێبەجێ بکرایە و تەواوی ناوچەکانی کوردانی ئێزیدی بگەڕابانەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا ئەو مەینەتی و کۆمەڵکوژییە هەرگیز بەسەر کوردانی ئێزیدی لە ٢٠١٤ نەدەهات. هەربۆیە نەك تەنیا بۆ ڕیفراندۆم، لە دەستووری ٢٠٠٥ی هەمیشەیی عێراقیشدا کوردانی ئێزیدی دەنگیان بۆ دەوڵەتی مەدەنی و مافی گەلی کورد و پێکهاتەکان داوە. لە پرۆسەی دەنگدانیشدا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردانی دەشتی نەینەوا و پارێزگای مووسڵ دەنگیان بە ڕیفراندۆم و ئەو لایەنە داوە کە داکۆکی لەسەر مافەکانی گەلی کورد و کوردستانییان دەکات، کوردانی ئێزیدی تەواوی قەنەعەتیان هەیە تا کوردستان نەبێتە دەوڵەت بەردەوام ئێزیدی و ئایینی ئێزیدی لەمەترسیدا دەبن.

*** وێڕای هەموو ئەو بارودۆخە سەختەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هات، بەڵام ڕێککەوتنی شنگال کراوە، کەچی چەکدارانی پەکەکە و حەشدی شەعبی ڕێگرن لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە، ئایا ئێوە وەك کوردانی ئێزیدی لەسەر ئەم پرسە چی دەڵێن؟**

- بە هۆی ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر جارێکی دیکە ناوچەی ئێزیدییەکان کەوتە ژێر دەستی گرووپی جۆراوجۆی حەشدی شەعبی و پەکەکە و نائارامی و ناسەقامگیریی لێ کەوتەوە، ڕێککەوتنی شنگال ئومێدێك بوو بۆ ئاساییبوونەوەی ناوچەکانمان و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی، بەداخەوە ئەو هەموو گرووپە چەکدارەی حەشدی شەعبی و چەکدارانی پەکەکە ڕێگرن لە بەدیهێنانی ئەو ئومێدە بۆ کوردانی ئێزیدی، خۆزگە لەبەغدا ئەو ئیرادەیە هەبووایە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنە.

**ئێمە بڕوامان نییە عێراق وەکو دەوڵەتێکی هاوچەرخ سیمای مابێت و، بووەتە دەوڵەتی گرووپە چەکدارەکان و میلیشیات و سوپایەکی مەزهەبی و توندوتیژی ئایینی و تائیفی**

**تاکە ڕێگری لە بەردەم ڕاوەستانی کۆچی ئێزیدییەکان جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و گەڕانەوەی ناوچەی ستراتیژی ئێزیدییەکانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان**

**کوردانی ئێزیدی تەواوی قەنەعەتیان هەیە تا کوردستان نەبێتە دەوڵەت بەردەوام ئێزیدی و ئایینی ئێزیدی لەمەترسیدا دەبن**



**مەلا عەزیز خەزنەیی**

**شارەزا لەبواری شەریعەت و فقهی ئیسلامی:**

# کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیان بە کردەیی لە کوردستاندا پەیڕەو کراوە

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی ئاشتی و پێکەوەژیان و خۆشەویستیی نیشتمانە، شەرعییەتی سەربەخۆبوونی کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە قورئان و شەریعەتی ئیسلامەوە ڕاڤەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مامۆستا مەلا عەزیز خەزنەیی شارەزا لە بواری شەریعەت و فقهی ئیسلامی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوە ژیانە، لەمەش زیاتر کە سەیری مێژووی بەرزی مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان دەکەین، هەموو کات سەرچاوەی ئیشق و میهرەبانی و خۆشەویستیی خودا بوون، ئایا لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و ئاشتی لە دیدی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی ئاشتی و پێکەوەژیان بووە، بەتایبەتی لەلای گەلی کورد کە لە مێژوودا مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان شوێنی زکری خواپەرستی و خۆشەویستیی خودا بووە. کورد هەرگیز سازشی لە سەر ئایینەکەی نەکردووە و کورد لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی موسڵمان باشتر پەیڕەوی شەریعەت و خوداپەرستیان کردووە، خودای گەورە و میهرەبانیش پێمان دەڵێت کە دەبێت لەگەڵ یەکتر باش بین و ڕێز و خۆشەویستی لە نێوانماندا بێت، لە کاتێکدا نەك تەنیا لەناو نەتەوەکانی دیکەی موسڵمان ئەم پێکەوەژیانە گرفتی تێدایە، بەڵکو لەناو خودی میللەتانی مەسیحی و ئایینەکانی دیکەش لای زۆرێك لە خەڵك ئەم کەلتوورە لاوازە، ئەم حاڵەتە لای گەلی کوردی موسڵمان بوونی نییە، بە پێچەوانەوە بیروباوەڕی میانڕەویی و کەلتووریی لێبووردەیی و پێکەوەژیان بە عەمەلی لەکوردستاندا پەیڕەو کراوە و، ئێمەی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام جەختی لەسەر دەکەینەوە، جوولەکە و مەسیحی و کاکەیی و ئێزیدی و هەموو مەزهەبەکانی دیکەش لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەبووە و، لەگەڵ برا موسڵمانەکانیان پێکەوە لە شار و شارۆچکە و گوند و دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان ژیاون، بێ ئەوەی هیچ گرفت و کێشەیەك لە نێوانیاندا بوونی هەبێت.

*** زۆربەی ڕێبەر و سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، لە حوجرە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان هەڵکەوتوون و، ڕێبەرایەتییان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە، هەمووشیان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەریان کردووە بە دروشم کە (خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە) ئایا شەرعییەتی سەربەخۆبوونی کوردستان، وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕوانگەی قورئان و شەریعەتی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- بنەمایەکی سەرەکی بۆ پاراستنی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و خوداپەرستی بوونی کیان و دەوڵەتە، ڕاستە لە مێژوودا کورد هیچ گرفتێکی لەگەڵ ئەم پێکەوەژیان و لێبووردەییە نەبووە، تەنانەت گەلی کوردی موسڵمان لەناو هەموو نەتەوەکانی دیکەی موسڵماندا زیاتر دینداری

**کورد لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی موسڵمان باشتر پەیڕەوی شەریعەت و خوداپەرستیان کردووە**

**بنەمایەکی سەرەکی بۆ پاراستنی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و خوداپەرستی بوونی کیان و دەوڵەتە**

**زانا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ئاستێکی بەرزی گیانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریدا بوون**

**زۆربەی نەتەوەکانی دیکەی موسڵمان هەمووی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە، تەنیا کورد نەبێت، ئەمەش زیانی گەورەی بۆ خۆی و هەموو ئەو ئایین و ئایینزایانەی دیکەش هەبووە، کە لەگەڵیدا ژیاون**

**داعش کە دروستکراوی بیانییە، بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە زیانی بە موسڵمانەکان و کوردانی ئێزیدی و ئایین و ئاینزاکان گەیاندووە**

و خواپەرستی کردووە و ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی ئیسلامدا بینیوە، بگرە دەوڵەتی سەربەخۆ کە مافێکی شەرعیی خۆیەتی، کردوویەتی بە قوربانی بۆ دیندارییەکەی. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم خۆشەویستییەی کورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و خواپەرستی و پەیڕەوکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (د.خ ) لە سەر حیسابی ڕۆحی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی نەبووە، زانا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ئاستێکی بەرزی گیانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریدا بوون، ئەمەش هەڵقولاوی ناوەڕۆکی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (د.خ) بووە، پێغەمبەرمان ( د.خ ) لە فەرموودەیەکدا کاتێك مەککە بەجێ دەهێڵێت و بەرەو مەدینە بەڕێ دەکەوێت، دەفەرموێت: «ئەگەر زۆریان لێ نەکردمایە، خۆشەویسترین شاری لە دڵما، هەرگیز بەجێم نەدەهێڵای»، هەروەها کاتێکیش دەچێتە شاری مەدینە میساقی مەدینە دەنووسێت، کە وەکو دەستوورێك وایە و باسی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ڕێکخستنی ژیانی موسڵمانەکان و ئەوانەی لە ئایینەکانی دیکەشن دەکات، چونکە میساقی مەدینە تەنیا بۆ موسڵمانەکان نەنووسراوە، ئەو کات شاری مەدینە لە ڕووی ئایین و ئایینزاکانەوە وەکو ئێستای کوردستان وابوو، هەموو ئایینێکی تێدا بوو، لەناو ئەو میساقەدا بە هیچ شێوەیەك دژایەتیی ئایین و ئایینزاکانی دیکەی تێدا نەبوو، تەنانەت زۆریشیان لێ نەدەکرا، ببنە ئیسلام، بەڵکو هەموو ئازادییەکی تێدا بوو، تەنانەت بۆ جێبەجێکردنی بۆنە ئایینییەکانیشیان.

*** کەواتە مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکان لە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی پاڵپشتییان لە پێکەوەژیان کردووە، خۆشەویستیی نیشتمانیشیان لە ئایینەکەوە وەرگرتووە، ئەی بۆچی گەلی کوردیش وەکو هەموو گەلانی دیکەی موسڵمان لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتە ئیسلامییەکانەوە کاری بۆ ئەم پرسە گرنگەی ناو ئایینەکەی نەکردووە؟**

- لە هەرێمی کوردستان مزگەوت و حوجرەو تەکیە و خانەقاکان پاڵپشتی ئەو پێکەوەژیانەیان کردووە کە خوای گەورە لە قورئاندا پێی ڕاگەیاندووین و پێغەمبەرمان (د.خ) لەدەیان فەرموودەیدا جەختی لەسەر کردووەتەوە و زانایان و ئیمەی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش وەکو دروشمێك خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوە دادەنێین، سەرچاوەی ئایینەکەش مزگەوت و حوجرە و تەکیە بووە. عەرەب و فارس و تورك و زۆربەی نەتەوەکانی دیکەی موسڵمان هەمووی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە، تەنیا کورد نەبێت، ئەمەش زیانی گەورەی بۆ خۆی و هەموو ئەو ئایین و ئایینزایانەی دیکەش هەبووە، کە لەگەڵیدا ژیاون، چونکە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی جگە لەوەی مافێکی سرووشتی و یاساییە بە هیچ شێوەیەکیش دژی شەرعییەتی ئیسلام نییە. کاتێك ژێردەستی فارسەکان بووە و زوڵمێکی زۆری لێ کراوە. دکتۆر عەبدوڵڵا نەقشبەندی لە - حكاية أمجاد الاكراد- سەلماندوویەتی کە کورد لەسەر دەستی ئەسحابەیەکی پێغەمبەر کە کورد بووە و هاتووەتەوە و ژمارەیەکی زۆری کوردانی موسڵمان کردووە، بە نهێنی لە شەڕی قادسیە خۆیان ئاشکرا دەکەن و سوپای کورد بە دیار دەکەوێت، ئەو کاتە عومەری کوڕی خەتاب (خ . ر) سێ ویلایەتی دابوونێ بۆ ئەوەی حوکمڕانی بکەن. لە ئێستادا کورد لەلایەن ئەو بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیا توندڕەوانەوە کە ئیسلام لێی بێ بەرییە، زیانی گەورەی بەردەکەوێت، هەروەکو چۆن داعش کە دروستکراوی بیانییە، بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە زیانی بە موسڵمانەکان و کوردانی ئێزیدی و ئایین و ئاینزاکان گەیاندووە، سەرەتا ناوچەی سوننەیان وێران کردو، دواتر مەبەستیان بوو کوردستانیش وێران بکەن، بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام زیانێکی گەورەیان لە کورد دا و سەدان ڕۆڵەی ئەم میللەتەیان شەهید و بریندار و دەربەدەر کردو، دژی هەموو پێکەوەژیان و بنەمایەکی جوانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوون، پێشتریش چەندین بۆچوون هەبوو کە مەبەستیان بوو کورد بغافڵێنن و ئاگای لە مافی خۆی نەمێنێت، هەروەکو چۆن سەلەفی کە پێچەوانەی سەلەفی ساڵحیە و وەهابییەتێکی ڕووتە، هاوردەیان کردووە و لە ساڵی ١٧١٠



لە سەردەمی عوسمانییەکان دروست بوو، ئینگلیزەکان پاڵپشتی بوون، ئەوەی ئەوان بە موسڵمانان و کوردیان کرد، داعش هەر هیچ نەبوو لە چاویدا، تەنانەت کاتێك وەهابییەت دروست بوو، موسڵمانانیان هەمووی بە کافر دادەنا، ئەو کات ناوچەی حیجاز کە ئێستا پێی دەوترێت سعودییە و یەمەن و وڵاتانی کەنداو هەرهەموویان کاول کرد، ڕابردوویان جوان نەبوو، داعش لەچاو ئەماندا زۆر بچووك بوو.

*** زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەسەر مینبەرەکانەوە پێشەنگ و پێشەوای کۆمەڵگە بوون، لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان هەوێنی یەکریزی و تەبایی و پێکەوە ژیان بوون، ئایا لەم قۆناغەدا کە زۆر پێویستمان بە تەبایی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی هەیە، ئەرکی شەرعیی زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلام لەسەر مینبەرەکان دەبێت چی بێت و، چۆن پارێزگاری لەو مێژووە دەکەن کە زانایانی ئیسلامی پێش ئێوە لە کوردستان دروستیان کردووە؟**

- زانا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان هەمووکات لەسەر مینبەرەکانەوە پێشەنگ و پێشەوای کۆمەڵگە بوون، لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان هەوێنی یەکریزی و تەبایی و پێکەوەژیان بوون، ئەم ئەرکەی سەرشانی زاناو مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام قورستر و زیاتر بووە، ئەرکی پاراستنی خاك و نەتەوە و نیشتمانیشیان لەسەرە، ئەو نیشتمان و خاکەی مەنزڵگەی خوداپەرستی و دینداربیە، هاوکات ئەرکی پاراستنی ڕەسەنایەتیی ئایینەکە و هەموو ئەو کارە شەرعییانەشیان لەسەرە کە خودا و پێغەمبەرەکەمان (د.خ) ئەمریان لەسەر کردووین، ئەویش ڕێزگرتن لە مرۆڤ و پاراستنی ئاشتی و قبووڵکردنی بەرامبەر لە چوارچێوەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و خۆشەویستیدا. بە بێ بوونی دەوڵەت و سەربەخۆیی و کیانێك تێیدا موسڵمانان کەرامەت و ژیان و گوزەرانی خۆیان و منداڵەکانیان پارێزراو بێت، مومکین نییە، هەرچی بۆچوونی جوان و بنەما پیرۆزەکانی ئیسلامە بتوانین پارێزگاری لێ بکەین، خوداپەرستی و ئیمانداری و بەڕێوەبردنی بۆنەکان لە چوارچێوەی کیانێکی ئارام و سەقامگیردا باشتر بەڕێوە دەچێت.

**زانا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان هەمووکات لە سەر مینبەرەکانەوە پێشەنگ و پێشەوای کۆمەڵگە بوون، لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان هەوێنی یەکریزی و تەبایی و پێکەوەژیان بوون**



محەمەد سەلیم چوروککایا
نووسەری کتێبی – ئایەتەکانی ئاپۆ– بۆ گوڵان:

# دیکتاتۆریەتی ناو پەکەکە تێکەڵەیەکە لە ستالینیزم و ئەسەدیزم و بەشێک لە کلتوری ئاغایەتیی ناوچەی ئورفە

**محەمەد سەلیم چورووککایا یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی پێشووی پەکەکە و، لە دەستی دیکتاتۆریەتی پەکەکە چووەتە هەندەران و ڕیزەکانی پەکەکەی جێهێشتووە و، لەم ماوەیەی دواییشدا چیرۆکی تێگەیشتنی لە دیکتاتۆریەتی پەکەکە و هەوڵەکانی سەرانی پەکەکە بۆ تیرۆرکردنی، لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (ئایەتەکانی ئاپۆ) چاپ کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم کتێبە و هەروەها تێڕوانینەکانی بۆ ئێستای سەرکردایەتیی پەکەکە و کارە دوژمنکارییەکانیان دژی هەرێمی کوردستان، ئەم دیدارەمان لەگەڵ ئەنجام دا،ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** لە کتێبەکەتدا بە ناونیشانی (ئایەتەکانی ئاپۆ) باس لە دروستکردنی دیکتاتۆر دەکەیت، ئایا پێناسە و تەفسیری دیکتاتۆر لای ئێوە چییە؟**

- من تا ساڵی ١٩٩١ لە زیندانی دیاربەکر ئازاد نەکرام، نەمدەزانی دیکتاتۆریەت لە ناو پەکەکەدا چۆن دروست کراوە، بۆیە گەڕامەوە ناو پەکەکە، هاتم بۆ ماوەی ساڵێك سەیری ڕەفتارەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانم کرد و، هاوکاتیش گوێم گرت و خوێندمەوە، سەرەنجام بۆم دەرکەوت، ئەو دیکتاتۆریەتەی لە ناو پەکەکەدا دروست کراوە، تێکەڵەیەکە لە ستالینیزم، ئەسەدیزم، سەدامیزم و هەروەها بەشێك لە ئاغایەتیی ناوچەی ئورفە پێکهاتووە، ئەمەش واتە پەکەکە لە بەشێکیدا تەریقەتە و بەشێکی دیکەشی مافیایە، ئەمەش وای کردبوو، کە باوەڕبوون بەو میتۆدە، لە ڕاددەبەدەر لەناو پەکەکە گرنگ بێت و، بیرکردنەوەش لە ناو پەکەکە نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەبێت بە باش و خراپ بڕوابوونی خۆت بە پەکەکە بسەلمێنێت و، بە پێچەوانەوە ئەگەر بیر بکەیتەوە و بۆچوونێکی دیکەت هەبێت، ئەوا ژیانت دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەمەش بێگومان گەوهەری دیکتاتۆریەت دەسەلمێنێت و پێناسە و تەفسیرە بۆ دیکتاتۆریەت.

*** ئەوەی ئێستا دەبینین ئەوەیە کە پەکەکە بە حیساب ماوەی ٤٠ ساڵە خەباتی چەکداری دەکات و، لەژێر دروشمی ئازادیی کوردستاندا ژمارەیەکی هێجگار زۆر لاوی کوڕ و کچی کوردستانی بە کوشتن داوە، بەڵام بە کردەوە سەلماندوویەتی خۆی بڕوای بە کوردستان نییە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، پەکەکە لە سەرەتادا بە دروشمی (کوردستانێکی دیموکراتی و یەکگرتوو و سەربەخۆ) دەستیان پێ کرد، بەڵام لەم ڕێیە لایان دا و، ئێستا ئەوەی بایەخی پێ نادەن، کوردستانێکی دیموکراتی و یەکگرتوو و سەربەخۆیە، تەنانەت بڕوایان بە دەوڵەتی کوردستانیش نییە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ئەو هەموو گەنجانەی کوردستانیان بۆ ئامانجی خۆیان کردە قوربانی و لە ئامانجە سەرەکییەکە، کە ئازادیی کوردستانە، دوور کەوتوونەتەوە، ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان. لە ناو پەکەکە چەند چینێك هەن، چینێك ئەو خەڵکانەن کە زوڵمی داگیرکارییان بینیوە و لە پێناوی قەزیەکەدا دوای پەکەکە کەوتوون و بۆ کوردستان و کوردایەتی چەکیان لە شان کردووە و، نوێنەرایەتیی چەوسانەوەی ملیۆنەها کورد دەکەن، ئەم چینە کراونەتە سووتەمەنی و توانای هیچ بڕیاردانێکیان نییە، چینێکی دیکەش هەیە کە لەسەر پشتی ئەو خەڵکە سوود لە چەوسانەوە و ئازارەکانی نەتەوەی کورد دەبین، دەیانەوێت ئامانجەکانی خۆیان بەدی بهێنن، ئەوجا ئەو ئامانجە بوون بە سەرۆك بێت، یان ئەندام پەرلەمان، یانیش سەرۆکی شارەوانی و.. هتد. لە هەرەمی سەرکردایەتیشدا ئەوەی پێی دەگوترێت (ئەنجومەنی سەرکردایەتی) ئەو کەسانەن کە پەیوەستن بە دەوڵەتانی (سووریا و تورکیا و ئێران و عێراق)ـەوەو، بە کۆی ئەو خەڵکانە دەگوترێت ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پەکەکە، ئەم ئەنجومەنی سەرکردایەتییەش

**پێش مەلامستەفا بارزانی، کورد یەکتریان دەکوشت، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی ئەو دیاردەی نەهێشت، ئێستاش سەرۆک مسعود بارزانی هەمان ڕێبازی مەلا مستەفا درێژە پێ دەدات کە شەڕی کورد- کوردی حەرام کردووە**

**پەکەکە لەگەڵ حەشدی شەعبی هەماهەنگە، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان پارچە پارچە بکات**

جڵەویان بە دەستی ئەو دەوڵەتانەوەیە کە دوژمن و داگیرکاری کوردستانن، ئەمە وای کردووە کە ئەو خەڵکە کوردپەروەرەی بۆ کێشەیەکی ڕەوا قوربانی دەدات، لە ناو ئەو هاوکێشە ئاڵۆزەدا بە ناکامی بمێنێتەوە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو چینەی خوارەوەی پەکەکە کە بوونە سووتەمەنی بەدەست ئەو سەرکردایەتییەوە و، بە نییەتێکی پاك خەبات دەکەن، دەبێت باش بزانن کە پەکەکە هیچ خێرێکی بۆ کوردستان نییە، دەبێت ئەو گەنجانە هۆشیار ببنەوە و لەسەر ئەم ناهەقییەی بەرامبەریان دەکرێت، بێنە دەنگ.

**ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو چینەی خوارەوەی پەکەکە کە بوونە سووتەمەنی بەدەست ئەو سەرکردایەتییەوە و، بە نییەتێکی پاک خەبات دەکەن، دەبێت باش بزانن کە پەکەکە هیچ خێرێکی بۆ کوردستان نییە**

*** ئەوەی ئێستا کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە دەستی هێناوە، ئەزموونی فیدراڵیی هەرێمی کوردستانە لە عێراقدا، ئەمەش هیوا و ئامانجی هەموو کوردە، ئایا هۆکارەکەی چییە کە ئێستا پەکەکە دەیەوێت ئەم قەوارەیە بڕووخێنێت؟**

- لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا ئەوە بۆ یەکەمین جارە لە بەشێکی کوردستان کە باشوورە، فیدراڵییەتێك دروست بووە و، سەرۆکێك بۆ گەلەکەی هەڵبژێردراوە و دەتوانێت ئەم هەرێمە فیدراڵییە بەڕێوە ببات، بەڵام دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان (عێراق، ئێران، تورکیا، سووریا) چاویان بەم هەرێمە هەڵنایەت و، لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەم هەرێمە وا دەبینین کە کاریگەریی لەسەر کوردی پارچەکانی دیکە دروست دەکات و، ئەوانیش لە پارچەکانی دیکە داوای هەمان ئەزموونی فیدراڵی دەکەن، بۆیە هەر چوار دەوڵەتە داگیرکارەکەی کوردستان بە بەکارهێنانی چینەکەی سەرەوەی پەکەکە (ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پەکەکە) و حەشدی شەعبی، دەیانەوێت ئەم ئەزموونە بڕووخێنن، بە ڕووخاندنی ئەم ئەزموونە هەر چوار دەوڵەتەکە ئیسراحەت دەکەن، کەواتە ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە پەکەکە بووەتە داردەستی پرۆژەی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان و، هەمان ئامانجی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان جێبەجێ دەکات، من لە سەرەتادا ئاماژەم بەوە کرد، کە پەکەکە سەرەتا لە ژێر ناوی دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان دروست بوو، بەڵام ئەوەی دەبینین ئێستا ئەوەیە کە ئامانجی پەکەکە بووەتە ئەوەی دەوڵەتی کوردستان دروست نەبێت، لەمەش خراپتر ئەوەیە کە ئامانجی بووەتە ئەوەی کە ئەزموونی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان بڕووخێنێت. سەرنج بدەن، بە هۆکاری پەکەکەوە تورکیا لە عەفرینەوە تا قەندیل شەڕی کوردستان دەکات و دەیەوێت کوردستان و ئەزموونەکەی تێك بدات، لە شنگالیشەوە تا دەگاتە کەرکووك پەکەکە بە هاوکاری لەگەڵ حەشدی شەعبی و چەند لایەنێکی تورکمانی، پێکەوە کاردەکەن، تا کوردستان بخەنە نێوانی مقەست و پارچە پارچەی بکەن، ئەگەر پەکەکە ئەم ئامانجەی نییە، خۆ چیاکانی باکووری کوردستان زۆر لە چیاکانی باشوور سەختترن، ئەی بۆ ناچن لەوێ دژی سوپای تورکیا بجەنگن، بەڵام وەڵامەکەی ئەوەیە کە پەکەکە لە باکووری کوردستان تێك شکاوە و ڕووخاوە، ناتوانێت تەنیا یەك فیشەك بتەقێنێت، لەمەش زیاتر پرسیاری دیکە ئەوەیە کە پەکەکە بۆ لە قەندیل ماوەتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە لە قەندیل شەش کەس هەن کە بە حیساب وەك ئەنجومەن سەرکردایەتیی قەندیل دەکەن، کە لە هەموو ژیانیاندا نەچوونەتە ناو شەڕ و هیچ کاتێك لەگەڵ سوپای تورکیا شەڕیان نەکردووە و، تەنانەت فیشەکێکیان بەرامبەر مریشکێکی تورکان نەتەقاندووە، بۆیە ئەم شەش سەرکردەیە، شەش کەسی ترسنۆکن و ئیرادەی شەڕکردنیان نییە و لەژێر ئیرادەی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان ماونەتەوە و، بەرنامەی ئەو دەوڵەتانە جێبەجێ دەکەن.

**هەر چوار دەوڵەتە داگیرکارەکەی کوردستان بە بەکارهێنانی چینەکەی سەرەوەی پەکەکە (ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پەکەکە) و حەشدی شەعبی، دەیانەوێت ئەم ئەزموونە بڕووخێنن**

**لە شنگالەوە تا دەگاتە کەرکووک پەکەکە بە هاوکاری لەگەڵ حەشدی شەعبی و چەند لایەنێکی تورکمانی، پێکەوە کاردەکەن، تا کوردستان بخەنە نێوانی مقەست و پارچە پارچەی بکەن**

**لە قەندیل شەش کەس هەن کە بە حیساب وەک ئەنجومەن سەرکردایەتیی قەندیل دەکەن، کە لە هەموو ژیانیاندا نەچوونەتە ناو شەڕ و هیچ کاتێک لەگەڵ سوپای تورکیا شەڕیان نەکردووە**

*** وێڕای ڕەفتارە ئاشکرا و دوژمنکارییەکانی پەکەکە دژی هەرێمی کوردستان، سەرۆك مسعود بارزانی شەڕی کورد-کوردی حەرام کردووە، بەڵام لە بەرامبەردا پەکەکە هێرش دەکاتە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئایا هۆکاری ئەمە چییە؟**

- ئەم پەیامەی سەرۆك مسعود بارزانی زۆر زۆر بە گرنگ دەزانم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پێش مەلامستەفا بارزانی کورد، یەکتریان دەکوشت، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی ئەو دیاردەی نەهێشت، ئێستاش سەرۆك مسعود بارزانی هەمان ڕێبازی مەلا مستەفا درێژە

پێ دەدات کە شەڕی کورد- کوردی حەرام کردووە، ئەم پەیامەی بارزانی وەك ئەو پەیامەی تەوراتە کە یەکەم پەیامی ئەوەیە کە دەڵێت: ( مەکوژە) بۆ ئەمڕۆ کوردستانیش پەیامی (یەکتری مەکوژن) زۆر گرنگە. لە ئێستا هەندێك کورد هەن دەڵێن (براکوژی هەیە، با برا کوژی نەمێنت) بەڵام لە هەقیقەتدا و لە ساحەکەدا براکوژی نییە، ئەوەی هەیە، هێرشی چەکدارانی پەکەکەیە بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆیە هەقە هەموو نیشتمانپەروەران ڕوو لە پەکەکە بکەن و پێی بڵێن: سەرۆك بارزانی بڕیاری داوە و شەڕی کورد- کوردی حەرام کردووە، ئەگەر ئێوەش ئیرادەتان هەیە، گۆلمەز لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوور بخەنەوە و بڕیار بدەن برای خۆتان نەکوژن، ئەو کاتە شەڕی براکوژیش کۆتایی پێ دێت.

*** ئێستا پەکەکە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە بەڵا و ڕێگەیەکی نەهێشتووەتەوە کە بتوانرێت بە ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئایا لەم حاڵەتەدا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکات؟**

- بە ڕای من ئەم پرسە بە پلەی یەکەم پەیوەستە بەوەی ئایا پارتی و یەکێتی لە سەر شێوازی مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ پەکەکە دەگەنە لێکتێگەشتنێکی هاوبەش و، لەسەر ئەو لێکتێگەیشتنە هاوبەشە ڕێك دەکەون؟ ئەگەر یەکێتی و پارتی لەسەر ئەم پرسە گەیشتنە ڕێککەوتن، ئەوا پێویستە ئەم پرسە ببرێتە پەرلەمانی کوردستان و، لەوێ بڕیارێکی دروست بدرێت، بڕیارەکەش گرنگە ئەم پەیامە لە خۆی بگرێت: هێزی پێشمەرگەی کوردستان کاتێك دژی داعش شەڕی دەکرد، دەوڵەتان هاوکاریی هێزی پێشمەرگەیان کرد و، ئەمەش جیگەی سوپاس و ستایشە و دەبێت چەك تەنیا لە دەستی پێشمەرگەدا بێت و، چەك لای هیچ لایەکی دیکە نەبێت، ئەگەر ئەم بڕیارە درا، ئەوا دەبێت وێنەیەکی بدرێتە پەرلەمانەکانی (عێراق و تورکیا و ئێران) هەروەها دەبێت وێنەیەکی بدرێتە نەتەوە یەکگرتووەکان و، داوا بکرێت، مۆڵەتێك بدرێتە پەکەکە و، داواش بکرێت





**هەقە هەموو نیشتمانپەروەران ڕوو لە پەکەکە بکەن و پێی بڵێن: سەرۆک بارزانی بڕیاری داوە و شەڕی کورد- کوردی حەرام کردووە، ئەگەر ئێوەش ئیرادەتان هەیە، گۆڵمەز لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوور بخەنەوە**

**چەکدارانی پەکەکە لە باشوور میوانن و هێزی پێشمەرگە خاوەن ماڵە، بۆیە هەرگیز ئەوە قبوڵ نییە، هێزی پێشمەرگە لە خاکی خۆیدا مۆڵەت لە گەریلا وەربگرێت، ئەمە کارێکە قبووڵ ناکرێت و مایەی گاڵتەجاڕییە**

**سەرۆک مسعود بارزانی کاریگەریی لەسەر کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە، بەڵام بەداخەوە کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر کوردانی هەر چوار پارچە و ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپا وەک پێویست نییە**

تورکیا هێزەکانی خۆی بکشێنێتەوە لە باشوور و، حکومەتی هەرێم داوای ئەوە بکات، کە خۆم خاکی خۆم دەپارێزم، لەم حاڵەتەدا پەکەکە، یان دەبێت بڕوات، یانیش دەبێت بڕیارێکی دیکە بدات، کە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمدا بگونجێت، بەمەش بیانووی تورکیا نامێنێت و هەرێمی کوردستانیش پارێزراو دەبێت.

*** بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە سەرکردایەتیی قەندیل دەڵێت: هێزی پێشمەرگە دێتە ناوچەکانی گەریلا، ئایا ئەمە هیچ لۆژیکێك قبووڵی دەکات؟**

- پێش هەموو شت چەکدارانی پەکەکە لە باشوور میوانن و هێزی پێشمەرگە خاوەن ماڵە، بۆیە هەرگیز ئەوە قبوڵ نییە، هێزی پێشمەرگە لە خاکی خۆیدا مۆڵەت لە گەریلا وەربگرێت، ئەمە کارێکە قبووڵ ناکرێت و مایەی گاڵتەجاڕییە.

*** ئامانجی سەرۆك مسعود بارزانی ئەوەیە کە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان هەمیشە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕوویەکی گەش و جوانی هەبێت، ئایا لەم ڕووەوە چۆن دەتوانین ئەم ئامانجە بەدی بهێنین؟**

- گومان لەوەدا نییە کە ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی کاریگەریی لە سەر کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە، بەڵام بەداخەوە کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر کوردانی هەر چوار پارچە و ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپا وەك پێویست نییە، ئێستا زیاتر لە سێ ملیۆن ڕەوەندی کورد لە ئەوروپا دەژین، ئەم ژمارەیە شتێکی ئەوتۆی لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کەمتر نییە، بەڵام ئێمە لە ئەوروپا لە شارێکی بچووك لە نەورۆزدا حەوت جەژن دەکەینەوە، بۆیە ئەگەر سەرۆك بارزانی، یان پەرلەمانی کوردستان بڕیار بدات لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بۆ کوردان ڕۆژی ٢١ی ئادار جەژنی نەوروزە و هەموو پێکەوە بە چالاکییەکی گەورە ئەم جەژنە یاد دەکەینەوە، ئەمە دەبێتە پرسێکی زۆر مەزن، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئێستا سەرۆك بارزانی سیمبولێکە بۆ هەموو کورد، بەڵام دەبێت هەموومان هاریکاریی بکەین، بۆ ئەوەی کاریگەریی ئەم سیمبولە زیاتر دەربکەوێت.

دیمانەی تایبەت



**مارک کاتز**

پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی جۆرج مەیسۆن بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی کەمتری بۆ ئەمریکا هەیە

**مارك كاتز پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانكۆی جۆرج مەیسۆن و بڕوانامەی دكتۆرای لە زانستە سیاسییەكاندا لە پەیمانگای تەقەنی ماساشوسێتس بەدەست هێناوە. پێش ئەوەی دەست بە وانەوتنەوە بكات لە زانكۆی جۆرج مەیسۆن، توێژەر بووە لە ئەنستیتیوتی برۆكینز. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢ شرۆڤەكاری كاروباری یەكێتی سۆڤیەت بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا. چەندین توێژینەوەی هەیە لە بارەی ڕۆڵی ئەمریكا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها ڕۆڵی ئێران و ڕووسیا لەم ناوچەیەدا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد، كە پتر پەیوەست بوون بە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ئەم ناوچەیە و چەند پەرەسەندن و پێشهاتێكی دیكەی پەیوەندیدار.**

*** هەروەك ئاشكرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەرچی وەك هەمیشە لە پشێوی و ئاڵۆزیدایە، بەڵام ناوچەیەكی گرنگ و ستراتیژییە و جێی بایەخی هێزە گەورەكانی جیهانە، بەتایبەتی ئەمریكا، چونكە ئەوەی لەم ناوچەیەدا ڕوودەدات، كاریگەرییەكانی دەپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی دیكە، ئێوە چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لە ئاست ئەم ناوچەیە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا بڕوانین لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئەوا ئێمە بەردەوامبوون و درێژەكێشانی نزیكەی هەمان سیاسەت بەدی دەكەین لە میانەی سێ ئیدارەی پێشووی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا (ئیدارەی باراك ئۆباما و ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ و ئیدارەی ئێستا بە سەرۆكایەتیی جۆ بایدن)، ئێستاش دەبینین ئەم ئیدارەیە سەرقاڵی خستنەگەڕی هەوڵەكانیەتی لە پەیوەندی بە گفتوگۆكانی پەیوەست بە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكەی ئێرانەوە، هەروەها ئەم ئیدارەیە خۆشحاڵ نییە بەو سیاسەتە ئیقلیمییەی كە وڵاتی ئێران گرتوویەتیەبەر و پیادەی دەكات لە ناوچەكەدا. هەروەها خاڵێكی هاوبەشی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لەگەڵ ئیدارەكەی پێش خۆی (ئیدارەی ترەمپ ) ئەوەیە كە بە هەمان شێوە نایەوێت زۆر تێوەبگلێت لە بارودۆخ و ناكۆكیی وڵاتی سووریاوە. كەواتە ئەگەر گۆڕانكارییەكیش بەدی بكرێت، ئەوا گۆڕانكارییەكی كەم و هەنگاوە بە هەنگاوە، بە واتایەكی دیكە گۆڕانكارییەكی گەورە و ڕیشەیی بەدی ناكرێت لەم ڕووەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە سووریا كرد كە بە بارودۆخێكی یەكجار ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، ئێمە دەمانەوێت لێرەدا پرسیارەكەمان پەیوەست بكەینەوە بە بوونی سەربازیی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە لەو وڵاتەدا، ئایا پێت وایە ئەمریكا بوونی سەربازیی خۆی لەو وڵاتەدا بەهێز دەكات، یان بە پێچەوانەوە هەوڵی كشانەوە دەدات؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بكەین كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا سیاسەتێكی جێگیر و ڕوونی نییە لە ئاست سووریادا، كە پێم وایە دەبێت ئەمریكا سیاسەتەكانی خۆی گەڵاڵە بكات لە پەیوەندی بە چۆنیەتی كەمكردنەوەی هەڕەشە و مەترسیی داعش لە مەودای دووردا، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ كاریگەری و دەستتێوەردانی توركیا لە وڵاتی سووریادا، بە هەمان شێوە بوون و دەستتێوەردانی ڕووسیاش لەو وڵاتەدا، ئەمانە چەند پرسێكی گرنگن كە دەبێت ئیدارەی ئەمریكا ئەولەوییەتی ڕوونی هەبێت لەبارەیانەوە و ڕیزبەندی بۆ ئەولەوییەتەكانیشی بكات.

*** هەر لە وەڵامی پرسیارەكەتاندا ئاماژەتان كرد بە هەوڵ و كۆششەكان، یان گفتوگۆكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە بارەی ڕێككەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا، پێتان وایە ئەم گفتوگۆیانە سەربكێشن بۆ هێنانەئارای ڕێككەوتنێكی باشتر و درێژخایەنتر، هەروەك ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بانگەشەی بۆ دەكات؟**

- من باوەڕم وانییە كە گفتوگۆكان ببنە هۆی ئەوەی ڕێككەوتنێكی باشتر دابڕێژرێتەوە، بەڵكو ئەگەر گفتوگۆكانیش بە ئەنجام بگەن، ئەوا هەر هەمان ڕێككەوتنی پێشوو دەبێت، بەتایبەتی كە وڵاتی ئێران هیچ خواستێكی نییە بۆ ئەوەی گۆڕانكاری لە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكەدا بكات.

**ئێران هیچ خواستێكی نییە بۆ ئەوەی گۆڕانكاری لە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكەدا بكات**

**دەبێت ئەمریكا سیاسەتەكانی خۆی گەڵاڵە بكات لە پەیوەندی بە چۆنیەتی كەمكردنەوەی هەڕەشە و مەترسیی داعش لە مەودای دووردا**

دواتر من پێم وایە بوونی ئەم ڕێککەوتنە لە نەبوونی باشترە، بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەری زیاتر ئەوەیە ئێران بتوانێت چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت، یان دروستی بکات، ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە لە ئارادا نەبێت. لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەرئەنجامێك بەدەست بهێنێت، ئەوا هەر هەمان ڕێککەوتنەکەی پێشوو دەبێت.

*** بەڵام لە ئێستادا تێڕوانینێك دروست بووە کە دەڵێت هۆکاری کەمبوونەوەی بایەخ و گرنگیدانی ئەمریکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی ئەم ناوچەیە گرنگییەکی کەمتری هەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمتر گرنگە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی کە ئەمریکا چیتر پێویستی بە هاوردەکردنی نەوتی ئەم ناوچەیە نییە، واتە ئەمریکا توانیویەتی پێداویستیی خۆی لە نەوت بەرهەم بهێنێت. من پێم وایە هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە چەند وڵاتێکی عەرەبی کاریان کرد لەسەر ئاساییکردنەوە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیلدا، چونکە بۆیان دەرکەوت ئەمریکا زیاتر لەوان ئیسرائیل دەنرخێنێت، هەر ئەوەش وای کرد کە بڕیار بدەن کە باشترە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا باشتر بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، گۆڕانکارییەك لە ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەدی دەکرێت لە پەیوەندی بە تێڕوانینیان بۆ ئیسرائیلەوە، چونکە ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە کە حزبی دیموکراتەکان ڕەخنەی زیاتر ئاڕاستەی ئیسرائیل دەکەن.

*** بڕیاری ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە ئەفغانستان مشتومڕی زۆری لێکەوتووەتەوە و، پێشتر چاودێران و شرۆڤەکاران هۆشدارییان دەدا لەبارەی دەرئەنجامە خراپ و مەترسیدارەکانی ئەم بڕیارەوە، کە ئێستا دەردەکەوێت چۆن دۆخی ئەمنیی ئەو وڵاتە تێکدەچێت، ئێوە چەند نیگەرانن لەم بارەیەوە و چۆن ئەم بڕیارە هەڵدەسەنگێنن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەم بڕیاری کشاندنەوەی هێزانەی ئەمریکا لە سەروەخت و سەردەمی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپدا دەرکرا. بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم بڕیارە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەفغانستان نییە. بەڵام هەرچۆنێك بێت، پێدەچێت ئیدارەی ئەمریکا بڕیاری دابێت کە چیتر هەوڵی وڵاتەکەی لە ئەفغانستاندا سەرکەوتنی لێ ناکەوێتەوە و دەبێت کار لەسەر سنووردارکردن و کۆتایی پێ هێنانی زیانەکانەکان بکرێت، ڕەنگە ئەم ئیدارەیە پێی وابێت دەکرێت لە ڕێگای دیکەوە بتوانێت هاوکاریی گەلی ئەفغانی بکات، بەتایبەتی هاوکاری و کۆمەکی دارایی، بەڵام ڕوون نییە ئایا تا چەند ئەمە دەرئەنجامی خوازراوی لێ دەکەوێتەوە. چونکە هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە، ئەوا گومان هەڵناگرێت کە دۆخە ئەمنییەکەی ئەو وڵاتە بە چەشنێکی خێرا دادەڕووخێت، ئەگەرچی لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە خەڵکی مەدەنی خۆبەخشانە دەیانەوێت دژ بە تاڵیبان و بۆ بەرگریکردن لە حکومەتەکەیان شەڕ بکەن، کە ئەمەش هاوشێوەی ئەم حاڵەتەیە کە لە عێراقدا دروست بووە، -مەبەست لە دروستبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبییە لە عێراقدا کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دامەزرا، هەرچۆنێك بێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گەلی ئەفغانی باوەڕی وایە کە حکومەتەکەی شایستەی ئەوەیە شەڕی بۆ بکات؟ چونکە ئەم پرسە جیاوازییەکی گەورە دروست دەکات.

*** باشە ئەگەر ئێوە لە پێگەیەکدا بن کە ڕاسپاردە و ڕاوێژ بە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بدەن، ئایا پێتان وایە سیاسەتی واقیعبینانە و بەرپرسیارانە و بنیاتنەرانە چییە کە پێویستە ئەمریکا بیگرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و ئاڵۆزی و پشێوییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- لە پەیوەندی بە پرسی ئێرانەوە من پێم وایە باشترە پارێزگاری لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکرێت و جێبەجێ بکرێت، و لە هەمان کاتدا کار بکرێت لەسەر سنووردارکردن، یان بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە توندەکانی ئەو وڵاتە لە ئاست ناوچەکەدا، دەکرێت ئەم شێوازی کارکردنە پیادە بکرێت، بەتایبەتی کە ئەمریکا توانیویەتی لەگەڵ هەندێ وڵاتی دیکەدا هاوکاری بکات و لە هەمان کاتدا ململانێش بکات.

**چەند وڵاتێکی عەرەبی کاریان کرد لەسەر ئاساییکردنەوە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیلدا، چونکە بۆیان دەرکەوت ئەمریکا زیاتر لەوان ئیسرائیل دەنرخێنێت**

**بڕیاری کشاندنەوەی هێزانەی ئەمریکا لە سەروەخت و سەردەمی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپدا دەرکرا. بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم بڕیارە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەفغانستان نییە**

**سەبارەت بە پرسی ئێران باشترە پارێزگاری لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکرێت و هاوکات بەرەنگاریی توندڕەوییەکانیشی بکرێت**



**عەبدولحسێن شەعبان**
**توێژەر و بیرمەندی عێراقی بۆ گوڵان:**

# ئەگەر دەستوور جێبەجێ نەکرێت عێراق ڕووبەڕووی پاشاگەردانی دەبێتەوە

**هەتا یاسای نەوت و گازی فیدرالی دەرنەچێت کێشەکانی هەرێم و بەغدا بە هەڵواسراوی دەمێننەوە**

**توێژەر و بیرمەندی عێراقی عەبدولحسێن شەعبان سەرلەنوێ لە ڕێی گوڵانەوە دەرکەوتەوە، وەك هەموو جاریش لێرە ئەو فیکرە تازانە دەخاتەڕوو کە هاووڵاتیی عێراقی پێوەی سەرقاڵن، وێڕای دەستەبژێرەکانی فیکر و ڕۆشنبیر و ماف، ئەو فیکرانەش سیمای ڕۆحی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بوێری و ڕەخنەیان هەیە، هەروەها ڕۆشنایی دەخەنە سەر چەندین کێشەی ماف و سیاسەت، ئەوەی کە پەیوەستە بە دەستوور و بەربەستەکان و لێکدانەوەو هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و ئاراستەکانی و سیناریۆ پێشبینیکراوەکان، هەروەها باس لە بابەتی فیدراڵی و ئاسۆکانی دەکات و داوای بەهێزکردنی و چەسپاندنی دەکات، بە تێگەیشتنێکی هاوبەش و دیالۆگ و کەلتوور و ئیرادەیەکی یەکگرتووی سیاسی. ئەمە گفتوگۆیەکە ئاسۆی تازە واڵا دەکات، لەمیانی وەڵامدانەوەی نائاسایی ئێستا و ئاینده، هەڵوێستی مێژوویی خۆی تازە دەکاتەوە لە پشتگیریکردنی گەلی کورد و براوبوونی بە برایەتیی عەرەب — کورد و بە هاوبەشیی مرۆیی.**

**لە پەراوێزی سەردانەکەی ئەم دواییەی بیرمەندی عێراقی عەبدولحسێن شەعبان بۆ هەولێر و لە میانی موحازەرەیەك لە پەیمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بە ناونیشانی (جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چرکەساتی ئێستای عێراق) گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازکرد ئەمەش دەقی دیدارەکەیە.**

**دیداری: فەرهاد محەمەد- هەولێر**

**٢-٢**

*** با گریمانەیەکی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی وەربگرین، کە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە و دیاریش نییە کە ئایا لە ئایندەدا جێبەجێ دەکرێت. ئایا ئێمە لەبەردەم حاڵەتێکی ڕەشبینیداین بەوەی کە دەوڵەت بەو ئاراستەیە دەچێت کە ببێتە کۆمارێکی ئیسلامی بۆ نموونە لە شێوەی ئێران؟ ئەدی دەربارەی مۆزاییکی پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقی چی دەڵێن؟**

- جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەشبینی و نائومێدی، جا ئەگەر ئەوەی لە دەورمانە هەمووی مایەی ڕەشبینی بێت، بەڵام ئەوە ناخوازێت کە نائومێد بین، مادامەکی ئیرادەی گۆڕانکاری و بەرگری بەردەوامە، بەڵام ئەمە پێویستی بە گەلەکۆمەکی هێز و هەوڵ و تەیارکردن و ڕێکخستنی تواناکان هەیە، وەك ئەوەی کە پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسی و هۆشیاریی کۆمەڵگە هەیە کە دژەبەر و بەرهەڵستکاری تاکە بژاردەی تەسك بێت بە ناوی ئایین و تایفە، یان نەتەوە، یان هی دیکە.

بە بۆچوونی من، دەستوور بناغەی چارەسەری کێشەکانە و ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، ئەو کاتە دەکەوینە بەردەم پاشاگەردانی و ڕێککەوتنی داهێزراو و سازانی هەلومەرجی، کە زوو کودەتای بەسەردا دەکرێت، بەتایبەتیش بە هۆکاری دەستتێوەردانی دەرەکی و وەلای هەندێ هێزو و کاریگەری و هیوا هەڵچنین لەسەر فاکتەری دەرەکی بۆ گۆڕین.

عێراق، ئێران نییە، مێژووی بزاڤی نیشتمانی لە عێراق جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئێران، پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقیش جیاوازە، ڕۆڵی هێزە ئایینییەکانیش هەر بەم شێوەیە، ئەمە جگە لە فاکتەری تایفەگەری، سەرباری ئەوەی کە شیعەی سیاسی ١٦ ساڵە حوکمی عێراق دەکات، واتا لە ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە تا ئەمڕۆ، ڕۆڵی بەرچاویشی هەبووە لە داگیرکردنی عێراق، بەڵام لەو ناوەندە دابڕاوە کە گوایە نوێنەرایەتیی دەکات، ئەگەرنا ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بەچی لێك دەدرێتەوە، کە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە؟ هەتا ئەگەر جاربەجار هێور ببێتەوە، بەڵام داخوازییەکان هەر بەردەوامن، دەکرێ تازە ببێتەوە، بە زۆریش لە ناوچە شیعەنشینەکان ڕوودەدات، لە ناسریە و نەجەف و کەربەلا و حللە و دیوانیە و سەماوە و عیمارە و کوت و بەسرە، جگە لە بەغدا، ئەمە گوزارشتە لە ڕەنگدانەوەی داخوازییەکان تایبەت بە مافی عێراقییەکان، کە جیاواز نین لە داخوازییەکانی کورد و ناوچەکانی ڕۆژئاوا لە ڕومادی و سەلاحەددین و دیالە و کەرکووك.

**دەستوور بناغەی چارەسەری کێشەکانە و ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، ئەو کاتە دەکەوینە بەردەم پاشاگەردانی و ڕێککەوتنی داهێزراو و سازانی هەلومەرجی، کە زوو کودەتای بەسەردا دەکرێت**

بە شێوەیەکی گشتی عێراقییەکان لە دەرەوەی چینی سیاسیی سوودمەند، بە جیاوازیی سەرچاوەی سوودوەرگرتنیان، داوای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی و ئیداری دەکەن و دەخوازن گەندەڵکاران ئاشکرا بکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت و، بکوژانی خۆپیشاندەران بدرێنە دادگا، هەروەها داوای هەڵبژاردنی بێگەرد و پاك و یاسایەکی هەڵبژاردن دەکەن کە لە یاساکەی ئێستا چاکتر بێت، هەروەها داوای ئەوە دەکەن کە چەك تەنیا لە دەستی حکومەتدا بێت و بە توندی لەو چەکدارانە بدرێت کە لە دەرەوەی یاسا چەکیان پێیە، ڕەنگە چاوخشاندنەوە، یان هەمووارکردنەوە، یان تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی دەستوور بەشێك بێت لە بیرکردنەوەی دەستەبژێرێکی فیکری و ڕۆشنبیری و مافناس، بەتایبەتی دوای ئەوەی کار بە بنبەست گەیشت، لەبەر جێبەجێنەکردنی، یان ناکۆکی لەسەر لێکدانەوە جیاوازەکان، ئەمە جگە لەوەی کە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، بە خراپی و نەرێنییەکانیەوە، بەڵام پرەنسیپی ئەرێنی و دروست لەخۆدەگرێت، پەیوەست بە ئازادییەکان و هاونیشتمانیبوون و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، بەڵام ماددەکانی دیکە شێوەی لوغمن و ڕێگرن، کە جێبەجێکردنی ئەم ماددانەیان پەك خستووە.

*** پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا لە چوارچێوەی دەستوور ڕێکبخرێن، بەڵام بەغدا پشکی هەرێم نانێرێت و ئاستەنگ لەبەردەم بودجە دادەنێت، بە ڕای ئێوە پەیوەندیی نێوان بەغداو هەولێر چۆن دەبێت، بەتایبەتی لە سایەی ئەو تێنەگەیشتنەی نێوان حکومەت و هەرێم؟**

- کێشەکە لە دەستووردایە، بڕیاردرا کە دەوڵەتی عێراق فیدراڵی بێت، ئەمەش شتێکی چاکە، لەگەڵ واقیع و داخوازییەکانی کورد دەگونجێت، بەڵام شتێکی نوێیە پێویستی بە پەروەردەو فێرکردن و تێگەیشتن و متمانە و دەقی ڕوون هەیە لە ڕێی دامەزراوەکان، وێڕای حوکمی یاسا، تا ئێستا هیچ هەرێمێك جگە لە هەرێمی کوردستان لە ئارادا نییە، ئەنجومەنی فیدراڵیش دانەمەزراوە، وەك دەستوور بە دەق بڕیاری لێ داوە، هەندێ بڕگەشی داڕێژراون بە شێوەیەك ڕێگە دەدات لێکدانەوەی ناکۆك و جیاوازیان بۆ بکرێت، وەك هەردوو ماددەی ١١١ و ١١٢ی تایبەت بە نەوت و سەرچاوە سرووشتییەکان، مشتومڕیش هەیە دەربارەی ماددەی ١٤٠ی تایبەت بە کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان کە لە دەستووردا هاتووە، وێڕای ماددەی ١٤٢، ناکۆکییەکە تەنانەت ململانێش گەیشتووەتە بواری دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم لە سایەی دەوڵەتی فیدراڵدا، لەوانە کێشەی ناکۆکبوونی دەستووری هەرێم لەگەڵ دەستووری فیدراڵ، ئەو هەموو شتانە پێویستیان بە بیرکردنەوەو دیراسەتکردن و متمانە و لێکگەیشتن هەیە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە سایەی دەوڵەتێکی فیدراڵدا کە یەکەم شت لەگەڵ خۆیدا گونجاوە، جگە لە قەناعەتکردنی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و متمانەبوون، نەك ئەوەی دەوڵەت بێت و ململانێ و کێشمەکێش و جەمسەربەندی حوکمی بکات و لاوازی بکات.

دەوڵەتی عێراق لە دەوڵەتێکی مەرکەزیی سادەوە کە لە ساڵی ١٩٢١ دامەزرا، بوو بە دەوڵەتێکی لامەرکەزیی فیدراڵ دوای ساڵی ٢٠٠٣ و لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ چەسپێندرا، دوای یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوەدا (٢٠٠٤). بەڵام ئەم شێوازە کارا نەکرا، بەردەوام ڕەخنەی لێ دەگیراو هەردوولاش پێی قایل نەبوون، تەنانەت لای هەموو هێزو ڕەوتەکانی بەشدار و نابەشدار لە پرۆسەی سیاسی، ئەگەرنا چۆن دەکرێ پشکی هەرێم لە مووچەو داهات ڕابگیرێت؟ کە پێویست بوو نەبێتە مایەی سازشکردن، چونکە ئەمە قووتی خەڵك و سەرچاوەی ژیانیانە، بەڵام دەکرێت ناکۆکییەکان بە هێمنی و لەسەرخۆیی چارەسەر بکرێن.

سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوت و ئەو پشکەی لەسەری ڕێککەوتوون و شەفافییەت، پێویستە بخرێتە چوارچێوەی چارەسەری دوورمەودا کە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و ئایندەی هاووڵاتیی عێراقی بکرێت، پێویستە یاسای نەوت دەربچێت کە پازدە ساڵە مشتومڕی لەسەرە و لە ڕەفەکاندا هەڵگیراوە، ئەمەش بەندە بە ئایندەی هاووڵاتی لە هەرێم و دابینکردنی سەقامگیری لە وڵات بە شێوەیەکی گشتی.

ئەو گەلاڵە فیدراڵییەی ئێستا بە بنبەست گەیشتووە، دەکرێ بڵێین نزیکە لە شکست، بەهۆی نەبوونی تێگەیشتنێکی هاوبەش، جگە لە کەموکوڕی لە کەلتووری فیدراڵی، تەنانەت بڕوا

**بە شێوەیەکی گشتی عێراقییەکان لە دەرەوەی چینی سیاسیی سوودمەند، بە جیاوازیی سەرچاوەی سوودوەرگرتنیان، داوای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی و ئیداری دەکەن**

پێ نەبوونی، یان مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەو پێیەی کاتییە، هەندێکیش چاوەڕوانن بگەڕێنەوە سەر کۆنەکە، واتا گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی مەرکەزی. لە کاتێکدا هەندێک بە ئاواتەوەن دەست لە دەوڵەتی مەرکەزی و ستەم و هەڵوێستەکانی هەڵگرن.

ئەوەی بڕوام پێی بووەو تائێستاش هەر وایە، لەسەر دوو بناغەی سەرەکی دامەزراوە:

یەکەمیان: برایەتیی عەرەب – کورد، من داوای یەکەم دیالۆگی (عەرەبی- کوردی)م کرد، ئەمەش پێش سێ دەیە، لە چوارچێوەی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤ کە خۆم سەرۆکی بووم لە لەندەن، ئەم شێوازە بەردەوام قابیلی کاراکردن و خستنەسەر و پەرەپێدانە، لە پەیوەندی بە مافە مرۆییەکان و پەیوەندیی نێوان هەردوو گەلی دۆست، بەتایبەتی لەنێوان دەستەبژێران و دەکرێت دیالۆگێک بۆ ڕۆشنبیرانی هەر چوار نەتەوە (تورک و فارس و کورد و عەرەب) ڕێکبخرێت، ئەم پرۆژەیە کە لە تونس دەستی پێ کرد، بە دەستپێشخەریی من کە پێش چەند ساڵێك بانگەوازم بۆ کرد، دەنگدانەوەو گرنگییەکی زۆری هەبوو، کە لەلایەن میر حەسەنی کوڕی تەلال چاودێریی کرا، کە دیدارێکی گرنگی لە عەممان لە ڕۆژی ٢٢-٧-٢٠١٨ بە ناونیشانی (کۆڵەکەکانی هەر چوار نەتەوە) سازکرد.

دووەمیان: مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد لە سۆنگەی بڕوابوونی یاساییم و ماف بە بیروکەی گەردوون تایبەت بە مافی چارەی خۆنووسین، لەوانەش یەکێتیی ئارەزوومەندانەی برایەتی، یان پێکهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ (دەوڵەت) کە ببێتە پشت و پەنا بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە لە چوارچێوەی خەباتی هاوبەش و ئامانجە هاوبەشەکان و پەیوەندیی دۆستایەتی و هاوکاری، بەتایبەتی لە نێوان عەرەب و کورد دژی دوژمنانی هاوبەش.

ئەگەر بیانەوێت شێوازی فیدراڵی بەردەوام و بەهێز بێت و بچەسپێت، ئەوا پێویستە چاو بە لایەنە جیاوازەکانیدا بخشێندرێتەوە، لە ڕێی تێگەیشتنی نێوان هێزە سیاسییەکان و دیالۆگی دوورمەودای کۆمەڵگە کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لەبەرچاو بگرێت، ئەگەرنا ئەو فیدراڵییە- هەروەك هاوڕێی بیرمەند پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار- وەسفی کردووە، دەبێتە وەهم، کە لەمەدا لەسەر حەقە، بەتایبەتی ئەگەر گەلالەی فیدراڵییەکان و پسپۆڕییەکانیان لەسەر ئاستی دنیا وەربگرین، کە لە نزیکەی ٣٠ دەوڵەت هەن و جێبەجێ کراون.

پێویستە چاوبخشێندرێتەوەو وردبینی بکرێت و شێوازی تازەو ماقووڵ دابنرێت، دەشکرێ بە گیانی متمانەی بەرانبەر جێبەجێ بکرێت، کە نەکەوێتە ژێر باری مشتومڕی ڕۆژانە و موزایەدەی سیاسیی هەڵبژاردن و ناهەڵبژاردن، تەنانەت دانانی شێوازی یاسایی و تێگەیشتنی گشتگیر و بەرژەوەندییەکان، کە هەولێر و بەغدا لە سایەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو و سەقامگیر بە مۆزائیکی پێکەوە ژیان و ناسنامەی لاوەکی و گشتی.

ئەگەر دۆخەکە وەك ئێستا بەردەوام بوو، ئەوا قەیرانەکە قەیرانی دیکەی بەدوادا دێت، ئەمانە پتەو دەبن، تەنانەت دەبنە مۆڵگەی ململانێی نەپساوە، بەتایبەتیش ئەگەر بەرژەوەندیی دەستکەوتووی لەگەڵدا بێت، یان هەوڵی هەڵوەشانەوە، کە ئەوەی هاتووەتەدی لە سایەی بەردەوامبوونی بێ متمانەیی نێوان دەسەڵات لە بەغدا، کە هەندێ لایەنی بە ڕێگایەکی زۆر توندی مەرکەزی بیردەکەنەوە و نێوان هەندێ هێز لە هەرێم، کە بە ڕێگایەکی دوور لە لێکدانەوەی بەغدا بیردەکەنەوە، تا دەگاتە ئاستی جیابوونەوە کاتێ تێگەیشتن ئەستەم دەبێت، ئەمەش کەلێنێك دروست دەکات کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژ فراوان دەبێت و زەحمەت دەبێت پڕبکرێتەوە و پێشبینی سەرەنجامەکەی بکرێت.

*** ئێستا هێمنییەك لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی (کورد و سوننە و شیعە) لە ئارادایە، بەڵام ناکۆکیی نێومالی شیعە بەردەوامە، بەتایبەتیش لەنێوان ڕەوتی وەلایی و نێوان ڕەوتی شیعیی ناوەلایی دوور لە ئێران، ڕات چییە لەوەی کە مەرجەعییەتی نەجەف پشتگیری لەوەی دووەم دەکات؟ ئایا دەکرێ ئەو ناکۆکییانە ببنە هۆی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی نێوان ئەو دوو ڕەوتە؟**

- تۆ دەزانی من بەرانبەر زاراوەی پێکهاتەکان خۆپارێزم، پێشتر سەبارەت بە خۆپارێزیم لەمەڕ دەستوور بۆ باس کردوویت، من دوو کتێبم داناوە و سەرنجەکانی خۆم لەسەر دەستوور و کێشە و بەربەستەکانی ئێستا و ئایندەم تێدا نووسیون، لەبەر ئەوەی بڕوام وایە کە دەستوور یاسای بناغەیە کە سرووشتی سیستەمی حوکم و شێوەی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی و مافی هاووڵاتیان و ئازادییەکانی

**پێویستە یاسای نەوت دەربچێت کە پازدە ساڵە مشتومڕی لەسەرە و لە ڕەفەکاندا هەڵگیراوە، ئەمەش بەندە بە ئایندەی هاووڵاتی لە هەرێم و دابینکردنی سەقامگیری لە وڵات بە شێوەیەکی گشتی**

**ئەوەی پێی دەگوترێت «ماڵی شیعە» کە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرا، ئەوا ئەو ماڵە هەر بێ بنمیچ و دیوار دەمێنێتەوە، بەم شێوەیە هەڵوەشانەوە و داهزران ڕووی لەو ماڵە کرد، بەهۆی ململانێ و ڕکابەریی توندی نێوان ئەو گرووپانەی پێکیان هێناوە**

تێدا دەستنیشان کراون، ئەم دەستوورە بەربەستی مەترسیداری تێدایە کە هۆکار بوون بۆ ئەو قەیرانانەی ڕوویان دا، بە بەردوامبوونیشی ئەو کەلێنە فراوانتر دەبێت و فاکتەرەکانی یەکنەبوون و سەقامگیری لە ناوەوەیدا زیاتر دەبێت، بەتایبەتیش لە سایەی کێبڕکێ لەسەر بەرژەوەندی و دەستکەوتەکان و دابەشکارییە تایفەگەری و ئیتنییەکان، بێ ئەوەی هەردوو فاکتەری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەبیر بکەین کە بە توندی کاریگەرییان ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەردەوام دەبێت.

ئەم شتە تەنیا شیعەی سیاسی ناگرێتەوە، بەڵکو درێژدەبێتەوە تا دەگاتە ئەو زاراوە هەڵەیە کە مەبەست (پێکهاتەکان)ە، ئەگەر ئەوەی پێی دەگوترێت «ماڵی شیعە» کە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرا، ئەوا ئەو ماڵە هەر بێ بنمیچ و دیوار دەمێنێتەوە، بەم شێوەیە هەڵوەشانەوە و داهێزران ڕووی لەو ماڵە کرد، بەهۆی ململانێ و ڕکابەریی توندی نێوان ئەو گرووپانەی پێکیان هێناوە، بەتایبەتیش لەسەر سەرکردایەتی و ناوەندەکانی باڵادەستی و دەستکەوتەکان، لە خۆڕاییش نییە کە هەموان گرنگی بە گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن دەدەن، هەر تیمێکیش بەرپرسیارێتیی ڕووداوەکان دەخاتە ئەستۆی تیمەکەی دیکە، ئەمەش تیمەکانی دیکەی بەشدار لە گۆڕەپانی سیاسی دەگرێتەوە، ئەگەر بەرێز سیستانی کە یەکێکە لە مەرجەعە باڵادەستەکان لە نەجەف پشتگیریی لەوەی پێی دەڵێن (هاوپەیمانی شیعە)ی کردبێت، ئەوا دوای ئەوە خۆی بەدوور گرتووە، بە هۆی ئەو هەڵە و گوناهانەی ئەم هاوپەیمانییە تێیان کەوتووە، ئەمەش زۆر لە ڕەگەزەکانی ڕاستگۆیی لە دەست دا، بەتایبەتی کاتێ لە ئۆپۆزسیۆن بوو، ئەو ڕەفتارانەی زۆرجار بوونەتە پێشێلکاریی ئاشکراو دیاری مافی مرۆڤ، تەنانەت بە شێوەیەك لە زۆر بواردا لە ڕەفتارەکانی ڕژێمی پێشووش زیاتر بوو، بەتایبەتی گەندەڵیی دارایی و ئیداری و سیاسی، جگە لە ڕق و کینەی تایفەگەری و هەوڵی دەسەڵاتخوازی و سەپاندنی ئیرادە.

جا ئەگەر حەشدی شەعبی چەندین باڵی هەبێت، کە هەندێکیان بە وەلایی نزیك لە ئێران ناسراون و هاوپەیمانێکی سەرسەختی ئێرانن، ئەوا حەشدی دیکەش هەن کە لە مەرجەعییەتی سیستانییەوە نزیکن، لەبەر ئەوەی مەترسیی داعش کەم بووەتەوە، بەتایبەتیش دوای ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەی داگیری کردبوون، ئەوەی لەم ڕووەوە گرنگە ئەوەیە پێویستە هێزە چەکدارەکانی عێراق بەهێز بکرێن (سوپا، هێزەکانی پۆلیس، موخابەرات و دەزگاکانی هەواڵگری و ئەمنی و پۆلیسی هاتوچۆ فریاکەوتن و نەهێشتنی تاوان، وێڕای دەزگای دژە تیرۆر)، ئەمەشیان ئومێدی لەسەر هەڵدەچندرێت بەو پێیەی هێزێکی سیستماتیکە و ئامانجی پاراستنی نیشتمان و ئاسایش و سەروەرەکەیەتی.

پێم وایە هەر گەڵاڵەیەکی هاوتەریب جۆرێك لە دژبەری و بەریەککەوتن، تەنانەت ئەگەر بە خودی سوپاوەش بلکێت، دێنێتە ئاراوە، بەتایبەتیش ئەگەر مەرجەعییەتەکانیان جیا بێت، پێم وایە کە مەرجەعییەکانی نەجەف پێویستیان بە باڵی سەربازی نییە، تا بیانپارێزێت، چونکە دەوڵەت دەیانپارێزێت و ڕێزیان لێ دەگرێت، ئەمەش ئەرکی دەوڵەت و هێزە ئەمنییەکانییەتی.

جا بوونی باڵی سەربازیی نزیك لە سیستانی، یان تیمێکی نزیك لە ئێران، یان هی دیکە پێویست بێت بۆ پاڵپشتیکردنی هێزە چەکدارەکان دژی مەترسیی داعش، ئەوا ئەم پێویستییەی کە هۆکاری دامەزراندنی حەشدی شەعبی بوو، ئامانجەکانی کۆتاییان هاتووە. دەکرێ چەکدارەکانی بگوازرێنەوە نێو دامەزراوە مەدەنی و خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی باشن و بۆ ئەوێ دەست دەدەن، تاکو هیچ دژبەرییەك، یان سەنتەرێکی هێزی بەدوادا نەیەت، کە جارێك بۆ لاوازکردنی دەوڵەت بقۆزرێتەوە جارێکی دیکەش بۆ دژیان بەکاربهێندرێت، بۆیە بە حوکمی ڕکابەریی ئەو ناکۆکییانە هەر دەمێنن.

لەسەر دەوڵەت پێویستە کە سازش لەسەر ئەمە نەکات و دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو خاك و هاوولاتیانیدا بسەپێنێت و، سەروەریی ناوخۆ و دەرەوە بێنێتەدی و سنوورەکانی بپارێزێت دژی هەر دەستێوەردانێك، یان هەڕەشەیەك، ئەگەرنا بۆچی دەوڵەتە ئەگەر نەتوانێت ئەمە بکات، یان نەتوانێت سەروماڵی هاوولاتیان بپارێزێت؟

*** ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی هۆکار بوو بۆ تیرۆرکردنی پاڵێوراوان و چالاکانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان، ئەمەش تووڕەبوونی شەقامی لێ کەوتەوە، خۆپیشاندانی هەفتەکانی ڕابردوو دروشمی (کێ کوشتمی)یان بەرز کردبووەوە، کە**

**ئەگەر بەرێز سیستانی کە یەکێکە لە مەرجەعە باڵادەستەکان لە نەجەف پشتگیریی لەوەی پێی دەڵێن (هاوپەیمانی شیعە)ی کردبێت، ئەوا دوای ئەوە خۆی بەدوور گرتووە، بە هۆی ئەو هەڵە و گوناهانەی ئەم هاوپەیمانییە تێیان کەوتووە**

**ئەگەر حەشدی شەعبی چەندین باڵی هەبێت، کە هەندێکیان بە وەلایی نزیک لە ئێران ناسراون و هاوپەیمانێکی سەرسەختی ئێرانن، ئەوا حەشدی دیکەش هەن کە لە مەرجەعییەتی سیستانییەوە نزیکن**

**داوایەکی میللی بوو، هەندێ لایەنی سیاسیش داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی داهاتوویان کرد، ئایا ئەم بارودۆخە هەڵبژاردنەکان دوادەخات؟**

- من تووڕەبوونی شەقام بە ڕەوا دەزانم، ئەگەر حکومەت نەتوانێت ئەو سەرکوتکردن و تیرۆرکردنانە ڕابگرێت و لێپرسینەوە لە بەرپرسان بکات، چی لە خۆپیشاندان زیاتر لە شەقام چاوەڕوان دەکەیت؟ سوپاس بۆ خوا کارەکە نەگەیشتە توندوتیژی و پێکدادان، خۆپیشاندەران بەوپەڕی هۆشیاری و ئیرادەیەکی بەرزەوە ڕەفتاریان کردو پەلکێش نەکرانە نێو کاری توندوتیژییەوە کە هەندێ هێزی ناسراو و نەناسراو هەوڵیان دا پێیان بکەن، خۆپیشاندەران ددانیان بە خۆیاندا گرت و متمانەیان بە خۆیان هەبوو و ڕووبەڕووی گوللە بوونەوە، چونکە توندوتیژی ئاشتی لێ ناکەوێتەوە، تاوانیش نابێتە سەرچاوەی دادپەروەری، خراپەش چاوەڕوانیی چاکەی لێ ناکرێت.

هەڵبژاردن پێویستی بە کەشوهەوایەکی سرووشتی و ئاشتی و هێمن هەیە، هەروەها پێویستی بەوەیە پاڵێوراو و دەنگدەر بپارێزرێن، هاوکات دەبێ سنوورێك بۆ ساختەکاری و دەستکاریکردنی ئەنجامەکان دابنرێت. هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ گاڵتەجاڕی بوو، لە هەموو حاڵەتێکدا بەپێی ئاماری متمانەپێکراو زیاتر لە٢٠٪ بەشداریی تێدا کرد.

تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردن بشکرێت، ئەوا یاسای تازەی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندیی گرووپە گەورەکانە کە بەسەر ناوچەکاندا دابەش کراون، ئەوانە دەیانەوێت کوتلەو کەسایەتییە بێ لایەنەکان حەپەلووش بکەن، دیارە زۆر لەوانەش ئومێد لەسەر هەڵبژاردن هەڵناچنن، بەڵکو لە ئەنجامەکان بێ ئومێدو ڕەشبینن، کە دەڵێن پێشتر ئامادەکراوەو بڕاوەتەوە، تەنانەت گۆشەکان و کەسایەتییەکانیش لەو سەر بۆ ئەو سەر بگۆڕن و بگوازنەوە، ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی چاوەڕوان دەکرێت کە لەپێناویدا زیاتر لە ٧٠٠ کەس شەهید بوون و ٢٠ هەزاریش بریندار بوون، یان ڕەوایەتیی هێزە حوکمڕانەکان لە سایەی سیستەمی پشکپشکێنە دەچەسپێت ئەوەی کە پشت بە خزمخزمێنە و دەستکەوت دەبەستێت لەژێر ناوی (دیموکراسیی سازان)دا؟.

ئەم دروشمەی دوایی ئەگەر چاکیش بێت، ئەوا بۆ ماوەی گواستنەوەیە و بۆ خولێك، یان دوو خولی هەڵبژاردنە، نەك هەتا هەتایە، بە شێوەیەك بووەتە نەریتێك سەرۆکایەتیی کۆمار بۆ کورد، پەرلەمان بۆ سوننەی سیاسی، سەرۆکایەتیی وەزیران بۆ شیعەی سیاسی، وەزارەتە سیادییەکانیش وەك دەرەوەو دارایی و ناوخۆ و بەرگری و داد بەسەر ئەوەی پێی دەڵێن (پێکهاتەکان) دابەش دەکرێن، جا ئەوەی ئەو سێ دابەشکردنەی سەرۆکایەتییەکانی پێ نەبڕێت، چاو دەبڕێتە وەزارەتە سیادییەکان بە مەرجی سازان، بەتایبەتی لە هێزە باڵادەستەکان.

بەپێی توێژینەوەی ئایندەی زانستە سیاسییەکان سێ ئەگەر هەن لە گۆڕەپانی سیاسیدا کە لە ماوەی چەند مانگی دادێ دەردەکەون.

یەکەم: چاکبوونی بارودۆخ و هەڵبژاردن لە سایەی چاودێرییەکی نێودەوڵەتی و ڕکابەرییەکی توند کە کەلێنێك لە ئەنجومەنی نوێنەران دێنێتە ئاراوە لە بەرژەوەندیی ئەو هێزانەی کە بەختی خۆیان لەم مەیدانەدا تاقی نەکردووەتەوە، هەر چەندە شتەکەش سنووردار بێت، بەڵام دەبێتە سەرپێچییەك لە گۆڕەپانەکە هەتا ئەگەر سادەش بێت.

دووەم: مانەوەی دۆخەکە وەك ئێستا، ئەمەش بە واتای پاشەکشەکردن دوای مۆڵەق بوون، ئەم کارەش خولێکی تازەی دیکە دەخایەنێت دوای خولی تشرینی داهاتوو، جا ئەگەر هەڵبژاردنی تێدا کرا، یان تا ساڵی ٢٠٢٢ دواخرا، بە مەرجێك لە کاتی ئاسایی خۆیدا بکرێت.

سێیەم: تێکچوونی دۆخەکە بە شێوەیەك کە ناکرێ هەڵبژاردنەکە لە کاتی خۆیدا بکرێت، ڕەنگە ململانێی ئەمریکا – ئێران ڕۆڵی لەمەدا هەبێت، بەتایبەتی ئەگەر هەڵگیرسا، دیارە هەندێ هێزی عێراقی هەن کە لە ئێرانەوە نزیکن، هەوڵ دەدەن بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکەنە ئامانج، ئەم جۆرە کارەش ڕەوشە سیاسییەکە ئاڵۆز دەکات، (ڕەنگە ناکۆکییە ناوخۆییەکان پەل بکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ململانێ و شەڕی ناوخۆ و ململانێی شیعە – شیعە، سوننە – سوننە، کورد – کورد)، ئەمەش مەترسیی گەورەی بەدوادا دێت بۆ عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی بە هۆی هاوبەندی و هاوبەشەکان. لەسەر عاقڵمەندان، یان ئەوانەی ماون پێویستە بیر لە بەرژەوەندیی تایفە، یان ئیتنی، یان عەشائیری، یان کۆمەڵە حزبەکەیان نەکەنەوە، چونکە ئەو پەرتەوازەییە و کەرتبوون و دابەشبوونە بێ جیاوازی هەمووان دەگرێتەوە، هەروەها کەس ناتوانێت خۆی لە بەرپرسارییەتی ببوورێت، یان لەو گەردەلوولە بەدوور بێت.

**مەرجەعییەکانی نەجەف پێویستیان بە باڵی سەربازی نییە، تا بیانپارێزێت، چونکە دەوڵەت دەیانپارێزێت و ڕێزیان لێ دەگرێت، ئەمەش ئەرکی دەوڵەت و هێزە ئەمنییەکانیەتی**

**تووڕەبوونی شەقام بە ڕەوا دەزانم، ئەگەر حکومەت نەتوانێت ئەو سەرکوتکردن و تیرۆرکردنانە ڕابگرێت و لێپرسینەوە لە بەرپرسان بکات**




سەربەست ئامێدی

سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن بۆ گوڵان:

# هاوڕایی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەیە، بەڵام ڕوون نییە کە ئەنجامەکانی قبووڵ دەکرێن

## مەرج نییە ئەو گۆڕانکارییەی هەڵبژاردنەکان دروستی دەکەن، ئەرێنی بن

**هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی داهاتووی عێراق قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت، هەر لە پەیوەندی بە خودی یاسای هەڵبژاردنەکە و ئەوە کەشەی تێیدا هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێت و، پرسی ئەوەی ئایا دەبنەهۆی ئەوەی نەخشەی سیاسیی عێراق گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەسەردا بێت، یان سەردەکێشن بۆ ئاڵۆزبوون و سەرهەڵدانی گرژی و تێکچوونی زیاتری بارودۆخەکە، ئەمانە و چەندین پرس و ڕەهەندی دیکە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ سەربەست ئامێدی سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن.**

*** قسەی باوی هەموو لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق ئەوەیە کە داوا دەکرێت، هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەنجام بدرێت، بەڵام لە وڵاتێکدا کە سەرۆك وەزیرانەکەی بە ئاشکرا بڵێت: وڵاتەکەم بە قوناخی نادەوڵەتی تێپەڕ دەبێت، وڵاتێك میلیشیاکانی حەشدی شەعبی تیا باڵادەست بن و کەی بیانەوێت گەمارۆی ناوچەی سەوز بدەن، ئایا هەڵبژاردنی پاك و بێگەردی تێدا ئەنجام دەدرێت؟ لەمەش زیاتر خوێندنەوەت بۆ بارودۆخی ئێستای سیاسیی عێراق چۆنە؟**

- هەر هەڵبژاردنێك لە هەر شوێنێکی دنیا ئەنجام بدرێت، دوو لایەنی بنەڕەتی هەن کە کاریگەرییان هەیە لە سەری، یەکەمیان کاریگەریی ناوخۆییە کە پەیوەستە بە کۆمیسۆن و لایەنی یاسایی و هونەری و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن و، لایەنی دووەمیش دەرەکییە، کە لە دەرەوەی کۆمیسیۆن و چوارچێوە یاساییەکەیە، کە ئەویش لایەنی سیاسی و ئەمنی و کاریگەریی کۆڕۆنا و.. هتد دەگرێتەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە لایەنی ناوخۆوە، ئەوا دیارە کە کۆمیسیۆن بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەڵبژاردنەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت. بەڵام ئەگەر بە وردی باسی یاسای هەڵبژاردن بکەین، ئەوە یاساکە کەموکوڕیی هونەری تێدایە، بەتایبەتی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماددەی ٣٨ و کۆتای ئافرەت، هەروەها لە نێوان هەندێ لە ماددەکاندا دژبەیەك هەیە و، هەندێ بڕگەش زیادبووە کە پێویست نییە، یاساکە لە چەندین شوێندا باسی لیست دەکات، ئەگەرچی ئێستا کاندید تاکەکەسییە و لیست نەماوە، هەر بۆیە بە تێڕوانینی من هەندێ کێشە و گرفت دروست دەبێت لەم ڕووەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کێشە و گرفتانە یاسایین، ئەوا دەکرێت بە ڕێگای یاساییش چارەسەر بکرێن. چونکە دەستەی دادوەری هەیە کە هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران دەتوانرێت تانەی لێ بدرێت لە بەرامبەر ئەو دەستەیە، جگە لەوەش بەپێی ماددەی ٩٣ی دەستوور بڕگەی حەوتەم کە دەڵێت دادگای فیدراڵی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پەسند دەکات. ئەوەی پەیوەست بێت بە کاریگەریی دەرەکییەوە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکە کە باری سیاسییە ئەوە کۆمیسیۆن ناتوانێت باری سیاسییەکە بەرەوپێش ببات، یان خراپی بکات و کۆمیسیۆن ناتوانێت کاریگەریی لەسەر هەبێت. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆکن کە هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکە ئایا هەموویان کۆك دەبن لەسەر ئەنجامەکان و پێکهێنانی حکومەت و بەڕێوەبردنی حکومەت، بە ڕاستی ئەمانە هەمووی جێگای پرسیارن و ئێستاکەش کەس ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕوون وەڵامیان بداتەوە.

**کۆمیسیۆن بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەڵبژاردنەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت. بەڵام ئەگەر بە وردی باسی یاسای هەڵبژاردن بکەین، ئەوە یاساکە کەموکوڕیی هونەری تێدایە**

*** ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دوای ئەوەی بە بڕیارێك مانەوەی یۆنامی بۆ ماوەی ساڵێك لە عێراق درێژ کردەوە، لە هەمان کاتدا داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، تیمێکی نێودەوڵەتی بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئامادە بکات،**

**شەرعییەتی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە دەستی عێراقییەکانە، واتە بە دەستی نەتەوە یەکگرتووەکان و چاودێریی نێودەوڵەتی نییە**

**بۆ ئەوەی چاودێریی هەڵبژاردنەکان بکات، بەڵام زۆر لە چاودێران پێیان وایە زۆر زەحمەتە، نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێت لەم کارەیدا سەرکەوتوو بێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان لە چاودێریی هەڵبژاردنەکان شکستی هێنا، شەرعییەتی ئاکامی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبێت؟**

- شەرعییەتی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە دەستی عێراقییەکانە، واتە بە دەستی نەتەوە یەکگرتووەکان و چاودێریی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو دەبێت ئەو لایەنانەی لە هەڵبژاردنەکان بەشداری دەکەن و هەڵبژاردنەکان بەڕێوە دەبەن، ئەنجامی هەلبژاردنەکە لە ئەستۆ بگرن. چونکە نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کار دەکات و، کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق تا ٢٠٠٧ بەشداریکردن بوو لە کۆمیسیۆن، چونکە یەکێك لە نوێنەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندام بوو لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران، بەڵام مافی دەنگدانی نەبوو، دوای ٢٠٠٧ کە یاسای یەکەمی کۆمیسیۆن کە یاسای ١١ی ٢٠٠٧ بوو، ئەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بووە هاریکار و ڕاوێژی پێ دەکرا، بەڵام بەو بڕیارەی کۆتایی کە بڕیاری (٢٥٧٦)ـە کە لە مانگی پێنج دەرچووە، ئەوە ئەرك و ئیشی نەتەوە یەکگرتووەکان گۆڕاوە و کارێکی دیکەشیان بۆ زیاد کردووە کە چاودێریی نێودەوڵەتییە بۆ هەڵبژاردنەکان. بە تێڕوانینی من ئەو چاودێرانە ١٠٠کەس دەبن، ئەگەرچی وێستگەکانی دەنگدەران لە عێراق زیاتر لە ٥٥ هەزار وێستگەیە، بۆیە ئەو ژمارەی چاودێرانی نێودەوڵەتی دێن، ناتوانن بە سەر هەموو وێستگەکانی دانگداندا دابەش بن، جگە لەمەش هەندێك چاودێری دیکەش دێن، کە بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەموویان نابێتە ٤بۆ٥هەزار کەس، بەڵکو تیمەکانی چاودێری ناوخۆی کە زیاتر لە ٦بۆ٧ هەزار ڕێکخراوی ناوخۆی لە عێراق و کوردستان هەیە، کارەکە بەڕێوە دەبەن. بەڵام پێشتریش ئەو کارە کراوە و ئەو تیمە نێودەوڵەتییانەی دەهاتن لەو جێگایانە دەبوون کە بە هەڵسەنگاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمینن کە جیایە لە هەڵسەنگاندنی حکومەتی عێراق، واتە تەنیا دەیانتوانی بچنە ئەو شوێنانە کە ئەمینە و بۆ ئەو شوێنانەش بە یاوەریی پاسەوان و پارێزگاری لێکردنیان و ئەو شوێنە گونجاو هێمنانەش بۆ ئەوان تەنیا بەغدا و هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و نەجەف و هەندێکجاریش بەسرا بووە. هەرچۆنێك بێت ئەگەر هەڵبژاردنەکان سەرکەوتوو نەبن، ئەوا شکستی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە، بەڵکو ئەمە بە شکستی کۆمیسیۆن و حکومەتی عێراقی دادەنرێت.

*** وەك دەزانن ئەنجامدانی هەڵبژاردن پێویستی بە کەشێکی سەقامگیر هەیە، بەڵام بارودۆخی سیاسیی عێراق لەسەر ئاستی سیاسی و ئەمنی ناسەقامگیر و شڵەژاوە، لەمەش خراپتر بەهۆی ئەو گەندەڵییە گەورەی لە هەموو جومگەکانی دەوڵەتی عێراق بوونی هەیە، خەڵك نائومید بووە و لەوانەیە لە ساڵی ٢٠١٨ کەمتر بەشداری دەنگدان بکەن، لەم حاڵەتەی کە لەبەر چاوی هەموومانە، ئەو پرسیارە دروست دەکات، ئایا ئەم هەڵبژاردنە هیچ گۆڕانکارییەك لە نەخشەی سیاسیی عێراق دروست دەکات؟**

- ئێمە دەبێت بزانین کە سیستەمی هەڵبژاردن گۆڕاوە، پێشان سیستەمی هەڵبژاردن ڕێژەیی بوو، بەڵام ئێستا سیستەمەکە بووەتە سیستەمی زۆرینە، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش گۆڕانکارییەك بە دوای خۆیدا دێنێت، بەڵام ئایا ئەم گۆڕینە ئەوەیە کە خەڵکانێك باسیان دەکرد و زاڵبوونی حزب نامێنێت و خۆپیشاندەران دەتوانن بگەنە شوێنی بڕیار؟ بە بۆچوونی من ئەوانە زۆر بە هەڵەدا چوون، یان بە مەبەستێك وایان کردووە کە ئەو خەڵکانە بەهەڵەدا بچن و ئەو سیستەمە بەسەر خەڵکانی دیکە و زۆر حزبی دیکەش- کە زۆر دژی ئەو سیستەمە بوون- بچەسپێنن کە دەیانزانی ئەنجامەکەی بەو شێوەیە نییە کە باسی لێوەدەکرێت. دواتر ئەگەر باسی بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی خراپ بکەیت، ئەوا ڕاستە کە دۆخەکە خراپە، بەڵام لەبیرمان نەچێت دۆخە ئەمنییەکە لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ئێستا هەر خراپ بووە و کۆمیسیۆن ٢٠٠تا٣٠٠ شەهیدی داوە، بەڵام هەڵبژاردنەکە هەر کراوە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئایا متمانەی خەڵك بەو پرۆسەی

**ژمارەی چاودێرانی نێودەوڵەتی دێن، ناتوانن بە سەر هەموو وێستگەکانی دانگداندا دابەش بن**

**ئەگەر هەڵبژاردنەکان سەرکەوتوو نەبن، ئەوا ئەمە شکستی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە، بەڵکو ئەمە بە شکستی کۆمیسیۆن و حکومەتی عێراقی دادەنرێت**

**دۆخە ئەمنییەکە لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ئێستا هەر خراپ بووە و کۆمیسیۆن ٢٠٠تا٣٠٠ شەهیدی داوە، بەڵام هەڵبژاردنەکە هەر کراوە**



هەڵبژاردنە چەندە و ئایا ئەو متمانەیە وادەکات خەڵك بە ڕێژەیەکی زۆر بەشدار بن لە هەڵبژاردنەکە و سیستەمی هەڵبژاردنەکەش هاندەرە بۆ ئەوەی کە کاندید بانگەشەی هەڵبژادن بۆ خۆی بکات و، بە تەنیا پشت بە حزبەکەی خۆی نابەستێت. بۆیە دوور نییە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی کە کاندید هەموو کەس و کار و عەشیرەتەکەی دەنگی بۆ بدەن، کە ئەمەش وادەکات ڕێژەی دەنگدانەکە زیاد بێت، خۆ ئەگەر ڕێژەی دەنگدانیش زۆر بێت، ئەوە دوور نییە ئەمە سەرەتای گۆڕانێك بێت، کە مەرج نییە ئەوەش گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بێت.

*** سەبارەت بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەگشتی و کەرکووک بەتایبەتی، خۆت دەزانی کە هەتا ئێستا لەو ناوچانە تەنیا هێزەکانی حەشدی شەعبی باڵادەستن و لایەنە کوردستانییەکان ناتوانن بە ئازادی بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن، ئایا بە شێوەیەکی گشتی تاچەند ئەم بارودۆخە مەترسی لەسەر دەنگی کورد لەو ناوچانە دروست دەکات؟ سەبارەت بە پارێزگای کەرکووکیش کە هەتا ئێستا پارتی لەو پارێزگایە بوونی نییە و، پێکهاتەکانی دیکەش وەك عەرەب و تورکمان خۆیان ئامادە کردووە کە ڕیگە نەدەن وەك هەڵبژاردنەکانی پێشوو لایەنێك بە تەنیا شەش کورسیی کەرکووك بەرێت، ئایا لەم هەڵبژاردنەدا ئەگەر دەنگی کورد کەمی کرد، ناسنامەی کوردستانییەتی کەرکووك ناکەوێتە مەترسییەوە؟**

- لە زۆر یاساکانی پێشووی هەڵبژاردن و لەم یاسایەی ئێستاشدا هاتووە کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نابنە بنەما بۆ سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئەو شوێنە، کە ئێمە دەزانین لەو کاتەی کورد هەشت کورسی لە ١٢ کورسی هێنا، ئەو دەقەیان دانابوو و ئێستاش ئەگەر ٥ کورسی لە ١٢ کورسییەکە بێنن، ئەوە دەبێت ئەو دەقە جێبەجێ بکرێت، واتە ژمارەی کورسییەکان بۆ بەڕێوەبردنی شوێنەکان نەبێتە بنەما و بنچینەیەك بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شوێنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەسەر خاڵێك کۆك بین کە دەبێت پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ هەموو خەڵك بە یەك ئاست و پێوەر بێت و ئازاد بێت. خۆ ئەگەر لایەنەکانی کوردی، یان لایەنێکی کوردی بەتەنیاش لەوێ نەتوانێت بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ خۆی بکات، ئەمە لە هەقیقەتدا دەبێتە خاڵێکی لاوازی ئەو هەڵبژاردنە. هەروەها ئەگەر دەنگدەریش ترس و هەڕەشەی لەسەر بێت، ئەوا ناتوانێت بە ئازادی دەنگی خۆی بدات، ئەمەش دیسان دەبێتەوە خاڵی لاوازی هەڵبژاردنەکە.

**دەبێت پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ هەموو خەڵك بە یەك ئاست و پێوەر بێت و ئازاد بێت**



# وشکەساڵی زیانی گەورەی بە گەنمی جووتیاران گەیاندووە

وشکەساڵی وایکرد بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ بۆ کەمتر لە نیوە کەم بێتەوە و زیانێکی گەورە بەر جووتیارانی کوردستان کەوت، کەمیی باران و کەمیی بەرهەمی گەنم زیانێکی گەورەیە بۆ کەرتی کشتوکاڵ و ئابووریی کوردستان، بەتایبەتی کە بەرهەمی ئەمساڵ لە ڕووی بڕ و جۆرەکەشیەوە باش نییە، بڕیارە تا چواری ئاب لە هەشت سایلۆ و چەند بنکەیەکی وەرگرتنی گەنم، ٣٧٥ هەزار تۆن لە گەنمی جووتیاران بە گوێرەی خشتەیەکی جوگرافیا وەربگیرێت، سایلۆکانیش بریتین لە: یەك سایلۆی هەولێر و چوار سایلۆی سلێمانی لە (ڕانیە و پیرەمەگرون و سەیدسادق و چەمچەماڵ) و سێ سایلۆی دهۆك لە (زاخۆ و فایدە و شێخان)، نرخی گەنمی وەرگیراویش بە پێی جۆری گەنمەکە بەسەر سێ نمرەدا بۆ هەر تۆنێك دابەش کراوە: (نمرە یەك: ٥٦٠ هەزار دینار، نمرە دوو: ٤٨٠ هەزار دینار، نمرە سێ : ٤٢٠ هەزار دینار).

سەبارەت بە گرنگیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پڕۆژەکانی ئەمبارکردن و دروستکردنی سایلۆ، نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی گوتی: «بۆ ئەمبارکردنی زیاتری گەنمی جووتیاران، سێ سایلۆی دیکە دروست دەکرێت و، ٩٥٪ی کارەکانیان تەواو بووە، ئەویش سایلۆکانی (کەلار و قوشتەپە و ڕۆڤیا)یە، هەریەکێك لەم سایلۆیانە توانای لەخۆگرتنی ٤٠ هەزار تۆن گەنمی هەیە، ئەمەش دەچێتە پاڵ هەشت سایلۆکەی دیکەی هەرێمی کوردستان، کە توانای هەڵگرتنی ٦١٦ هەزار تۆن گەنمیان هەیە، ئەمە جگە لە بوونی چەند بنکەیەکی دیکەی وەرگرتنی بەرهەمی گەنمی جووتیاران. بە گشتی لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی توانای هەڵگرتنی ملیۆنێك تا ملیۆنێك و ٢٠٠ هەزار تۆن گەنمی دەبێت، هاوکات پاڵپشتی سێ کۆمپانیای کەرتی تایبەتمان کردووە بۆ کڕین و هەڵگرتنی گەنمی جووتیاران، بە توانای ٥٠٠ هەزار تۆن گەنم، کە ئاش و سایلۆی خۆشیان هەیە. ئەمە وێڕای ئەوەی دەست بە جێبەجێکردنی سایلۆ لە زاخۆ و هەڵەبجە و هەریر و دەڤەرەکانی دیکەش دەکرێت.»



**نەوزاد شێخ کامل**
**بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی:**

**پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچێت و ئەمساڵ دوچاری گرفتی کەمیی ئارد نابین**



**ئەحمەد عەلی**
**سەرۆکی یەکێتیی جووتیارانی هەولێر:**

**پێویستە بۆ ئەمساڵ حکومەتی هەرێم بنەتۆی باشی گەنم بەسەر جووتیاراندا دابەش بکات**



**سەعید عومەر**
**بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر:**

**لە٢٢ی نیسانەوە تاوەکو ٥ی تەمووز نزیکەی ٧٠هەزار و ٨٠٠ تۆن گەنممان لە سایلۆی هەولێر وەرگرتووە**

سەبارەت بە وەرگرتنی بەرهەمی جووتیاران بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی گوتی: «لە ٢٢ی مانگی نیسانی ئەمساڵەوە دەستمان بە وەرگرتنی بەرهەمی گەنمی جووتیاران کردووە، هەرچەندە لە لایەن وەزارەتی بازرگانیی عێراقەوە ڕێگەپێدانی پرۆسەی وەرگرتنی گەنم زۆر دوا کەت، بەڵام پرۆسەکە بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێك دەست بەوەرگرتنی گەنمی جووتیاران کراوە، دیاریکردنی گەنمیش لە سایلۆکان بەم شێوەیە دەبێت، لە سایلۆی هەولێر ١٠٩ هەزار تۆن و لە پارێزگای سلێمانی ١٥٥ هەزار تۆن لە پارێزگای دهۆکیش ١١١ هەزار تۆنی بۆ دیاریکراوە، بە هۆی دواکەتنی پێدانی پارەکانیشەوە لە لایەن عێراقەوە، جووتیاران مەترسیی ئەوەیان هەیە کە هاوشێوەی ساڵانی پێشوو موستەحەقاتەکانیان دوا بکەوێت، هەر بۆیە بەشێك لە جووتیاران گەنمەکانیان بە نرخێکی کەمتر لە نرخی حکومەت دایە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و، پارەکانیان بە نەختی وەرگرت، بە شێوەیەکی گشتی داوا لە جووتیاران دەکەین گەنمەکانیان بۆ سایلۆکان بهێنن، چونکە پارێزراوتر دەبێت لە سن و کیسەڵە و نەخۆشییەکانی دیکە و، پارەکانیشیان لەلایەن عێراقەوە دەدرێت».

سەبارەت بە نرخی کڕینەوەی گەنمی جووتیاران، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی گوتی: «لەمساڵدا بۆ هەر تۆنێکی گەنمی نمرە یەك ٥٦٠ هەزار دینار و نمرە دوو ٤٧٠ هەزار دینار و نمرە سێ ٤٢٠ هەزار دینارە، لە ماددەی ٥٠ی بڕگەی (ج) ی یاسای بودجەی ٢٠٢١ ی عێراقدا هاتووە، بۆ هەر تۆنێك گەنم ٥٠ هەزار دیناری دیکە زیاد بکرێت، بەڵام لەبەر جێبەجێ نەکردنی یاساکە، تا ئێستا ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە، حکومەتی عێراق بڕیاری زیادکردنەکەی دەرنەکردووە.


گەنمی ئەمساڵ پێزی کەمترە بۆ نانکردن، کە دەبێت گڕ و تینی گەنمەکە بە ستانداردی جیهانی لە٢٧٪ بێت، بەڵام گەنمەکەمان لە ٢٤٪ـە، لە ساڵانی ڕابردوو کە گەنمەکە باش بوو، گەنمی باش لە دەرەوە دەهێنرا و تێکەڵ دەکرا، بەڵام بۆ دوو ساڵ دەچێت حکومەتی عێراق گەنم ناهێنێت و لە ١٠٠٪ پشت بە بەرهەمی گەنمی جووتیاران دەبەستین، لەگەڵ ئەمەشدا بەهیچ شێوەیەك گرفتی کەمیی ئارد دروست نابێت و، کۆمپانیاکانی ناوخۆ دەستیان بە بەرهەمهێنانی ئاردی سفر کردووە و لەگەڵ ئاردی خۆماڵی تێکەڵی دەکەن و ئاردێکی باش و بەسوود دەبێت بۆ نانەواخانە و سەمونخانەکانمان و، دەتوانن بەکاری بهێنن و بە یەکجاری دەستبەرداری هاوردەکردنی ئاردی سفر بین لە دەرەوەی هەرێم.»

سەبارەت بە بارودۆخی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران و داواکارییەکانیان ئەحمەد عەلی سەرۆکی یەکێتیی جووتیارانی هەولێر گوتی: «وشکەساڵی و کەمیی باران بەرهەمی جووتیارانی بۆ چارەکێ کەمتر دابەزاند، بۆ نموونە من زەوییەکم هەبوو ساڵی ڕابردوو تۆوی گەنمم تێدا چاندبوو، ٣٠ تۆن گەنمی کرد، کەچی لەمساڵدا بۆ چوار تۆن دابەزی و خەرجیی دوورینەوەی دەراسە و گواستنەوەی تەنیا دوو تۆنی دەمێنێتەوە، خۆ ئەگەر جووتیار هەموو خەرجیی پەین و تراکتۆر و تۆ و چاندن و دوورینەوە و گواستنەوەی حیساب بکات، ڕەنگە هیچ قازانجێك نەکات و زیانی بۆ بمێنێتەوە، داوکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵەوە بنەتۆی باشی گەنمان بۆ بهێنن و نەیدەنە دەست بازرگانەکان، بەڵکو ئەو جووتیارەی ئەمساڵ گەنمی چاندووە، بنەتۆوەکە لە ڕێگەی لێژنەیەکەوە پێ بدرێت کە یەکێتیی جووتیارانی کوردستانی لەگەڵدا بێت و، بنەتۆوی گەنمەکە باش بێت و بەرگەی وشکەساڵی بگرێت». سەبارەت بە دەنگۆی بردنەدەرەوەی گەنمێکی زۆر بۆ شارەکانی خوارووی عێراق، سەرۆکی یەکێتیی جووتیارانی کوردستان هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوەو گوتی: «لەمساڵدا تۆنێك گەنم لە بازاڕەکاندا ٤٤٠ تا ٤٥٠ هەزار دینار دەکات و حکومەتی هەرێمیش بە ٥٦٠ هەزار دینار دەیکڕێت، بۆ نموونە جووتیارێك سێ بۆ چوار تۆن گەنمی هەیە دەیباتە بازاڕ و دەیفرۆشێتەوە، ئەو پێوەرەی بۆ هەر دۆنمێك زەوی بڕی گەنمی وەرگیراو دیاریکراوە زۆر کەمە. بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی گەنمی


ئەمساڵی جووتیاران لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و شارەكانی دیكەی عێراقیشەوە، هەر هەمووی كەم بووە و زیانێكی گەورە بەر جووتیاران كەوتووە، داواكارم لە سەرۆكی حكومەت ڕەچاوی بارودۆخی ئەمساڵی ئەو جووتیارانە بكات كە گەنمیان چاندووە و، بەرهەمەكانیان زۆر كەمی كردووە لە ئاستێكدا كە زیانیش دەكەن، بۆیە یارمەتیی جووتیاران لە بواری دابینكردنی بنەتۆ و پێدانی پاڵپشتییەكی دارایی و لابردنی غەرامە و قازانج لەسەر سلفەكانیان، زۆر گرنگە.»

سەعید عومەر بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر هەر سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەچوونی وەرگرتنی گەنم گوتی: «جووتیاران هەموو ساڵێك دوای ئەوەی گەنمی خۆیان دەدوورنەوە، هاوشێوەی هەموو شارەكانی عێراق لە هەرێمی كوردستانیشدا بەپێی نەخشەیەكی جوگرافیا و لە هەر سایلۆیەك دەست دەكرێت بەوەرگرتنی گەنم، نرخەكەشی لەلایەن فەرمانبەرانی شارەزا و لە تاقیگەكاندا بەپێی باشی و خراپیی جۆری گەنمەكە دیاری دەكرێت و، نمرەی بۆ دادەنرێت، لەم پرۆسەیەشدا چەند ڕێنمایی و ڕێكارێك دیاری كراوە، بۆ نموونە ئەگەر سن و كیسەڵەی لە ٢٪ بۆ سەرەوە بێت، بەپێی بەرزیی ڕێژەكەی دەبێتە نمرە دوو و سێ. هاوكات خاوێنیی گەنمیش ڕەچاو دەكەین، سایلۆكانی كوردستان بەشێوەیەكی ستاندار لە ئاستێكی باشدان.

بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر گوتی: «داواكارم جووتیاران پابەندی ڕێنمایی و ڕێكارەكانی هێنانی گەنمەكانیان بن، دیاریكردنی جۆری گەنمەكە و پێدانی نمرە لە پسپۆڕایەتی و كاری لیژنەیەكی شارەزا و پسپۆڕە لە تاقیگەكانمان، زۆربەی گەنمی كوردستان نمرە یەك دەرچووە و زۆر بەدەگمەن نمرە سێی تێدا بووە، ئێمە لە٢٢ی نیسانەوە تاوەكو ٥ی تەمووز نزیكەی ٧٠هەزار و ٨٠٠ تۆن گەنمان وەرگرتووە و، لەم بڕە گەنمەش تەنیا ٧٢٠ تۆنی نمرە دوو بووە و ٢٣ تۆنیش نمرە سێ بووە، ئەم پرۆسەیەش بەردەوام دەبێت، تا گەنم هەبێت بەغدا ڕایناگرێت.




● نمرە یەك : ٥٦٠ هەزاردینار
● نمرە دوو: ٤٨٠ هەزار دینار
● نمرە سێ : ٤٢٠ هەزار دینار




٣٧٥ هەزار تۆن لەگەنمی جووتیارانی هەرێم وەردەگیرێت

**دیاریكردنی گەنمیش لە سایلۆكان:**

● هەولێر ١٠٩ هەزار تۆن
● سلێمانی ١٥٥ هەزار تۆن
● دهۆك ١١١ هەزار تۆن